# ماف.. پرسیاری ناو وەڵامەکان

## هەوڵێك بۆ تەفكیك كردنی ئیشكالیەتەكانی ماف لە كۆمەڵگەی كوردیدا

هێمن قەرەداغی

سەرەتای ئەم نوسینە سەرەتای گەڕان نییە بە دوای پێناسەو مانایەكدا بۆ چەمكی ماف، چونكە زۆرن ئەو چەمكانەی پەرژینێك لە پێناسەی سادەمان بەدەوردا كردون بەبێ ئەوەی كەمێك لە جەوهەریان نزیك بوبینەوە، بە واتا لە ناو رۆشنبیری و ئەدەبیاتی ئێمەدا هێندەی دەڕوانرێتە چەمكەكان وەك ئامادەباشێك بۆ پێناسەكردن، ئەوەندە ناڕوانرێتە چەمك وەك دروستكەری پرسیار، ئیدی چەمك لێرەوە كۆمەڵێك دەلالەتی فرە رەهەند نیە كە پرسیارە گەورەكان و گومان و ئیشكالیەتەكانمان لا دەوروژێنێ، بەڵكو چەمك لەم حاڵەتەدا توێكڵێكی زمانەوانی تاك دەلالەتەو ئامادەشە بۆ ئەوەی هەڵگری پێناسە سادەكان بێت.

ئەم جۆرەیە لە مامەڵە لەگەڵ چەمكەكان وامان لێ دەكات بڵێین لە دونیای كوردی ئێمەدا و لەناو ئەو هەزاران پێناسانەدا هێشتا چەمكەكان وەك پرسیارێكی گەورە ماونەتەوە، چەمكەكان هێشتا پرسیاری ناو وەڵامە سادەكانن.

وەڵام ئەو كاتە ساكار دەبێت كە ئێمە هەست دەكەین لە بەردەم پرسیارێكی ساكارداین، پێناسە ئەو كاتە تەنها لە چەند وشەیەكی بێ گیان تێناپەڕێ كە ئێمە هەست دەكەین لە بەردەم لوغزێكدا نین ئەم ئیشكالیەتە ئەوكات زیاتر ئاڵۆز دەبێت كە چەمك لە لایەن ئێمەوە دەكرێتە نەمامێك و هەوڵی رواندنی دەدەین لە كۆمەڵگەیەدا، ئەو كاتەی دەمانەوێت بە چەند ساڵێك و بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی چەمكەكان بڕوێنین لە كۆمەڵگەكانماندا، چەمكە جوان و بریقەدارەكانی وەك (ماف، ئازادی، دادپەروەری، دیموكراسیەت.. هتد) ئەو چەمكانەن كە ئێمە بە دەیان پێناسەی ساكارەوە هەوڵدەدەین بە تاكی كوردی ئاشنا بكەین، بە جۆرێك ئەمڕۆ لە عەلاگە فرۆشێك بپرسیت چەندان پێناسەی بازاڕیت لەسەر هەریەك لەو چەمكانە بۆ دەكات.. لە سیاسی‌یەكی گەورەش بپرسیت پێناسەی خۆی هەیە بۆ هەریەك لەو چەمكانە، بەڵكو راستتر وایە كە هەموو ئاستەكانی كۆمەڵی ئێمە پێناسەی خۆیان پێیە بۆ چەمكەكان ئەمە نوقم بونی پرسیاری جەوهەری چەمكە لەناو هەزاران وەڵام و پێناسەی گاڵتەجاڕو سادەدا.

لە کاتێکدا چەمك لە وێنەی ئەو نەمامەدایە کە پێش بیرکردنەوە لە ڕواندنی پێویستی بەوە هەیە زەمینی بۆ ئامادە بکرێ نەمامەکان لەناو بەردەکاندا جگە لە زەرد هەڵگەڕان و مردن چاوەڕێی گەشەیان لێناکرێ، تاکی ئێمە ئەو زەوی‌یە بە پێزەنی‌یە کە چەمکەکان تێیدا دەژینەوە، فەزای کۆمەڵگەش ئەو فەزا ئەرخەوانی و ئازادە نی‌یە کە زۆر جار سیاسی‌یەکان بۆمان وێنا دەکەن تا نەمامی چەمك بەبێ ڕێگر و سەقف چڵ و پۆپ بهاوێژێ، بەڵکو ڕاستتر تاك و کۆمەڵگەی ئێمە بەرهەمی قۆناغ و ئەزمونێکی مێژویی و سیاسی وایە کە بێ کێومالّ کردنی، خەونێکە چاوەڕێی ئاشنایەتی بە ڕەهەندی چەمکەکان بکەین، ئێمە لە بەردەم جەستەیەکی کۆمەڵایەتی‌داین کە لە دەیان لاوە بریندارە و خۆی بە ساغ دەبینێ، هەر ئەمەیە وامان لێدەکات بڵێین تەنها پێناسەی چەمکەکان مانا جەوهەری‌یەکانی ئەومان پێ نادا بەڵکو دۆزینەوەی هەموو ئەو ڕێگرانەش کە ناهێڵێ ببینە میوانێکی کرۆکی چەمك ئەو هەنگاوەی ترە کە دەبێت بۆ موتوربە کردنیان لە جەستەی هەر کۆمەڵگەیەکدا دایبنێین، تەفکیك کردنی ئەزمون و مێژو و کلتور ئەو هەنگاوی یەکەمەیە کە دەبێت پێش پێناسەی چەمکەکان پێ هەستین، مرۆڤی ئێمە بەرهەمی دەیان ئەزمون و مێژوی قەیراناوی‌یە، تا ئاستێك خۆی بۆتە قەیرانێکی گەورەو پێویستی بە لەسەر وەستان هەیە.

هەر هەوڵێکی لەم جۆرەش سەرکەوتو نابێ گەر بە زیاد لە میتودێك ئیش نەکات، چونکە شیکاری سەرکەوتو خاوەنی زیاد لە ڕێگەیەکە بۆ گەیشتنە مەبەست، بەوەش چەندە ئەم هەوڵە لە دەرگای سۆسیۆلۆژیاوە دەست پێ دەکات، ئەوا تێڕامانی ئەنترۆپولوجی زیاتر پێویستە، چەندە لە سایکولوژیای مرۆڤی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی‌یەوە ئەم ئیشکالە دەوروژێنێ، ئەوا لە دەرگای سیاسەت و ئەزمونە سیاسی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگەیەوە ئیشکالی زیاتری بۆ کەشف دەبێ.

ئەو چەمکەی ئەم نوسینە خۆی بۆ تەرخان دەکات و هەوڵی قوت کردنەوەی دەدات وەك پرسیارێکی گەورەو بێ وەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا (چەمکی ماف و پەیوەندی بە مرۆڤی کوردی)یەوە، چەمکێك بانگەشەی هەموو ئەو پرۆژانەیە کە خۆیان وەك ڕزگارکەر وێنا دەکەن، چەمکێك کە لافیتەیەکی بۆنەکانی کۆمەڵگەی ئێمە نی‌یە ئەوی لە ڕیزی پێشەوە و بە گەورەیی نەنوسیبێ، ڕێکخراوێك نی‌یە خۆی نەکردبێتە نوێنەر و بانگەشەکەری.. تاوەکو کار گەیشتۆتە ئەوەی چەمکی ماف لە لای کۆمەڵگەی ئێمە خاوەنی دەیان پێناسەو وەڵامی جۆراوجۆرە لە کاتێکدا هێشتا گەورەترین پرسیاری بێ وەڵام و چەمکی بێ پێناسە بریتی‌یە لە (ماف)، دیار نەبوترین و لێڵترین مانا لای تاکی ئێمە ماناکانی مافە..

چەمکی ماف لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پرسیارێکە گەر بیکەینە خاڵی دەستپێکردنی بابەتەکە، ناتوانین لە دەستەواژەیەکدا بیکەین، بەڵکو دەبێت بە زیا لە دەربڕینێك ئەم پرسیارە بکەین:

ئایا بە ڕاستی کۆمەڵگەی ئێمە ئامادەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی ماف بێت؟ ئایا تاکی ئێمە بەرهەمی قۆناغێك ڕێپێبدات لە ڕەهەندەکانی ئەم چەمکە بگات؟ ئەو لوغزە چی‌یە کە کۆمەڵگەی ئێمە خاوەنی زۆرترین بانگەشەکانی مافەو بەڵام ناتوانێت ماف پارێز بێت؟

ئەوە ئێمەی رۆژهەڵاتی بە گشتی و کورد بە تایبەتی بە راستی ئەو بەربەریانەین کە لە دەرەوەی سەنتەریزمی رۆژئاوایی‌یەوە خولقاوین و ئەهلیەتی ئەوەمان نی‌یە لە رەهەندەکانی چەمکێکی وەك ماف بگەین؟

گەر سەرەتای دارشتنی وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارانە، لەو پۆلێن کردنە (بەربەری- شارستانی)یەوە دەست پێبکەین کە پێی وایە جۆرێك لە مرۆڤی تایبەتی جوگرافیایەکی تایبەت شارستانین و جۆرێکی تر لە مرۆڤ بەربەرین، یاخود هەندێ مرۆڤی ناوچەیەك بە سروشت ئامادەن هاوژیان و تەباو گونجاوبن و هەندێکی دی شەڕەنگێز و بەربەری، ئەوا جارێك دەکەوینەوە ناو ئەو هەڵوێستە نامرۆڤانە و سەنتەری‌یە رۆژئاوایی‌یەی کە (شتراوس) باوەڕی پێی نەبوو و پوچی ئەو دیدەی دەرخست کە هەموو بەرامبەرێکی کلتوری بە پێوەرەکانی قۆناغی شارستانی خۆی دەخوێنێتەوە.. جارێکی تریش لە بەردەم ئەو پرسیارانەدا دەبینەوە یەکێك لەو هەزاران وەڵامە ساکارانەی تا ئێستا دراونەتەوە، کەواتە دەبێت بۆ میتودێکی تر بگەڕێین و لەوێوە وەڵامەکان بەرهەم بێنین، میتۆدێك کە بەرهەمی زیاد لە کەرەستەیەکی پشکنین بێت، ئەویش سەیرکردنی تاکی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی‌یە وەك بەرهەمی کۆمەڵێك قۆناغ و کۆمەڵێك ئەزمون و کۆمەڵێك جوگرافیا و کۆمەڵێك دەستە واژەی زمانەوانی و بەرهەمی کۆمەڵێك دیدی ئاینی.. هتد ئەو پێکهاتە هەمەڕەنگەی لە دوا جاردا کلتوری ئێمەیان خولقاندوەو هەر لەوێشەوە عەقڵیەت و هەست و نەستی ئەم تاکەیان دارشتووە.

لەم شیکاری‌یە گشتگیرە وە بۆ فەزای کۆمەڵگەو تاکی کوردی دەگەینە ئەمەی هۆشیاری ئەم تاکە بەرامبەر بە چەمکەکانی ژیان دیاریبکەین، جگە لەم شیکاریە بۆ هەموو پێکهاتەکان مەحاڵە ئەو لوغزە تێبگەین بۆ تاکی ئێمە ئاشنایەتی لەگەڵ چەمکە مرۆیی‌یەکاندا پەیدا ناکات؟

ئیدی لێرەوە دەبێت پەیوەندی هەریەك لە چەمکەکانی وەك (مێژوو- جوگرافیا- شۆڕش- ئاین- دەسەڵات- پەندی پێشینان- سیستەمەکانی پەروەردەو خوێندن- حیزب و ئایدولوژیا) بە چەمکی مافەوە لای تاکی ئێمە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەوە، ئەمەش بەوە دەبێت بۆ هەریەك لەو چەمکانەو پەیوەندی بە چەمکی مافەوە لای تاکی ئێمەو بەشێکی تایبەت لە نوسین تەرخان بکەین، ئەوکات ئەگەری ئەوە هەیە وەڵامێکی جیدی بۆ پرسیارەکانمان بدۆزینەوە.

I

## ماف و قۆناغی مێژویی

لێدوانی من لە مێژوو لەم تێکستەدا، لێدوان نی‌یە لەو مێژوەی کە لە رۆژو مانگ و ساڵەکان پێکدێت و ئێمە روداوەکانیان تێدا تۆمار دەکەین، ئەمە مێژووە بە مانای گێڕانەوەی رووداو (حدث)، ئەم جۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ چەمکی مێژوو هێندەی سەرقاڵی ئەوەمان دەکات روداوەکانی زەمەنێك بژمێرین، هێندە بوارمان نادات ئەو کلتورە بناسین کە ئەو ڕوداوانە بۆمان بەرهەم دێنن، واتە هێندەی ژمارەی روداوەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی مەبەستمانە، هێندە بە ستونی ناچینە ناو کاریگەری روداوەکانەوە.

لێرەوە خوێنەر چاوەڕێی ئەوەمان لێنەکات روداوە مێژوویی‌یەکانی قۆناغەکانی بۆ بژمێرین، ئەمە کاری مێژونوسێکی تەقلیدی‌یە، بەڵکو کاری ئێمە لێرەدا دەرخستنی ئەو تابلۆ فرە رەنگەیە کە مێژوی ئێمەیان رەنگڕێژ کردووە، پاشتر کاریگەری ئەو رەنگانەی مێژو (یان ئەو روداوانەی) مێژوو لە لای هۆشیاری مرۆڤی کوردی، بە واتایەکی گشتگیر تر مێژوی ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك سیماو پێکهاتەی جۆراوجۆرە، کە کلتورێکی بەرهەمهێناوە و تاکی کوردی و هۆشیاریی ئەم تاکە بەرهەمی ئەو کلتورەیە، ئیدی لەو هوشیاری‌یەوە ئیشکالیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکان دروست دەبێت.

لێرەوە دەبێت پرسیار لەو سیستەمە بکەین کە وەك ستراکتۆرێك لە خولقاندنی مێژوی ئەم کۆمەڵگەیەدا ئامادەیە، ئەو ستراکتۆرەی بەرهەم هێنەرەوەی بونیادەکانی ترە، بونیادی خێزان، بونیادی حیزب، بونیادی دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات و.. هتد، سیستەمی (خێڵ) لە هەناوی ئەم کۆمەڵگەیەدا ئامادەیەو مێژوی رۆژانەی بەرهەم دێنێ، ئیدی ئەم باسە هیچ نی‌یە جگە لە کەشف کردنی ئامادەبونەکانی ئەو سیستەمە و مۆراڵەکەی لەناو کایەکانی تردا، پێشوەخت دەمەوێت هێڵە گشتی‌یەکانی ئەم سیستەمە دیاری بکەم، دواتر دەدوێم لە هەر یەك لە کایە جیاوازەکان:

١-بونی سەنتەرێکی بڕیاردان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی تاك، لە خێڵدا سەرەك خێڵ ئەو سەنتەرەی بڕیاردانە کە دواجار قسە لەسەر هەموو چرکەکانی ناو خێڵ دەکات و بڕیاریان لەسەر دەدات، لێرەدا مرۆڤێکمان هەیە کە سەرەك خێڵە بە هۆشیاری‌یەکی رێژەیی‌یەوە مافی ئەوەی دەدرێتێ بە رەهایی لەسەر چەندین رەهەندی جیاوازی ژیانی چەندان تاکی جیاوازی ناو خێڵ بڕیار دەدات، هەر بەرهەڵستکاری‌یەکی ئەندامی خێڵ بەرامبەر ئەو سەنتەریزمەی سەرەك خێڵ پێی دەوترێت ئانارشیست، لێرەوە خێڵ بە دەوری خۆیدا زیندانێکی مەعنەوی بۆ ئەو تاکانە دەخولقێنێ کە سەرکەشی لێ دەکەن و مافی ئیمتیازاتەکانی ژیانی ناو خێڵی لێ دەسەنێتەوە ئیدی لەم چرکەساتەوەیە کە تۆ لەبەردەم یەك سەنتەردایت بۆ پێناسەدان بە شتەکان، بۆ دیاری کردنی مافەکان بۆ بە راست یان ناڕاست دانانی هەڵوێستەکان.

٢-داهێنانی هەر دوو چەمکی ماقوڵ و ناماقوڵ، پیاوی ماقوڵ ئە و پیاوەیە کە پابەندی ئایدیولوژیای خێڵەو سەربازێکی ئەو مەتنە پڕ حیکمەتانەیە کە دەستەی خێڵ دیاری دەکەن، پیاوە ناماقوڵەکانیش ئەوانەن کە لە بیری ئەوەدان دنیایەکی تری تایبەت بەخۆیان و ئەندێشەکانیان بخولقێنن، پرسیار بکەن لەو تابلۆیانەی پرسیاریان لێ نەکراوە، گومان بکەن لەو یەقینانەی وەهم کردونیەتە یەقین، ئەم حاڵەتەش لەناو خێڵدا کە وەرگرتنی وەسفی ناماقوڵە ساتەوەختی مردنی هەموو رەهەندەکانی ئەو چەمکە نوێیە کە پێی دەوترێ (هاوڵاتی) بون و مافی یەکسانی هاوڵاتی..

٣-وێناکردنی دەرەوەی گروپی خێڵ وەك دۆزەخی مردنی رۆحەکان و بەردەوام ریزکردنی شانامە بۆ جوانکردنی گروپی خێڵ وەك بەهەشتی مافەکان، ئەمە ئەو ستراتیژەیە کە دەکرێت ناوی لێ بنێین پرۆسەی وێناکردنی بەردەوام بە دوو ئاراستەی جیاوازدا، ئاراستەی ئارایشتکردنی خودو بە ئەهریمەن کردنی دەرەوەی خود، ئیدی لەم فەزایەدا تۆ فریشتەیەك

نابینی لە دەرەوەی خۆمان بەڵکو ئەوە خۆمانین فریشتەی ژیان، بە هەمان شێوە ئەهریمەنەکان هەموویان دەواریان لەو شوێنەیە کە دەرەوەی بازنەی خێڵی ئێمەیە.

٤-قۆرخ کردنی دەسەڵات لەناو ئەندامانی خێڵدا و ڕوانینە ئەم حاڵەتە وەك حەقیقەتێکی قسە هەڵنەگر بەو مانایەی گروپی خێڵ هەرگیز ئەگەری ئەوە دانانێت یەکێك لە دەرەوەی خێڵ فەرمان ڕەوایی بکات بەڵکو دەڕوانێتە دەسەڵات وەك تاکە بەرهەمی پیاوەکانی خێڵ، لێرەدا هاوژیانی سیاسی و فرەیی و گۆڕینەوەی دەسەڵات جگە لە وەهمێکی بێ مانای دیموکراسیانە هیچی تر نییە..

٥-بچوك کردنەوەی دەلالەتەکانی چەمکی بەرژەوەندی لە چوارچێوەی گروپی خێڵدا، بەرژەوەندی گشتی هیچ نییە جگە لە بەرژەوەندی گروپی خێڵ، هەموو باشییەکان بۆ گروپی خێڵ، هەموو جوانیەکان، هەموو نەبەردی و هەموو غەنیمەکانیش هەر تەنها هی خێڵن، لەم حاڵەتەدا ئەو چەمکەی دەبێتە گەمەیەکی گەورە چەمکی بەرژەوەندی گشتییە، چونکە بەرژەوەندی گشتی دەلالەتێکی تر نییە جگە لە بەرژەوەندی گروپی خێڵ و ئایدولوژیاکەی..

٦-بە کلتورکردنی گوێگرتن لە بەرامبەر کلتوری بینینەوە، فەزای خێڵ ئەو فەزایەیە کە هەمووومان تیادا گوێگرێکی گوێڕایەڵین، جیهان و شتەکانی چواردەوریش بەو جۆرە دەناسین کە گوتاری خێڵ دەیدات بە گوێماندا، نەك وەك ئەوەی خۆمان دەیبینین، چاوانمان درۆ دەکەن گەر ڕاستییەك ببینین پێچەوانەی ئەو ڕاستیەی ئایدولوژیای خێڵ و دەسەڵاتی خێڵ داویەتی بە گوێماندا، ئەمەش چرکەساتی کوشتنی قودرەتی مانادانی مرۆڤە بە شتەکان، ئیرادەی مانادان و پێناسە کردنی شتەکان ئەوکات لای مرۆڤ دەمرێت کە گوێگرێکی عاقڵی بەردەوامە(١).

هەریەك لەم هێڵە جاڵجاڵۆکەییانەی هۆشیاری خێڵ کە مێژوی ئە مرۆڤە بەرهەم دێنن، هۆشیاری خێڵ ئەو هۆشیارییەیە کە لە مودێرنترین حیزبەوە تا بچوکترین خێزانی ئێمە لێی بێبەش نییە، لە گەورەترین کایەی سیستەمی خوێندنەوە تا بچوکترین دەزگای ئەم کۆمەڵگەیە ئاراستە دەکات..

ناکرێ بچینە سەر لێدوان لە کایەکانی ئەم کۆمەڵگەیەو هەنگاوی یەکەممان کایەی خێزان نەبێت، ئەو کایەیەی سەرەتای ئیشکالەکانی ماف تێیدا چەکەرە دەکات و دواتر پەل دەهاوێژێ بۆ کۆی بونیادی کۆمەڵایەتی..

## خێزان و پۆلێنی ماف

بۆ ئەوەی باوەڕ بە چەمکی (پۆلێن) بێنین، دەبێت پێشوەخت هۆشیاریمان بە چەمکی جیاوازی لا دروست بوبێ، بەو مانایەی بینینی جیاوازی شتەکان ڕێگە خۆش دەکات پرۆسەی پۆلێنکارییان دەست پێ بکەین، بەبێ هەست کردن بەم جیاوازییە هەر پۆلێن کارییەك بە گەمەیەك زیاتر نابینین..

کێشەی ماف لە خێزانی کوردیدا لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە توانای جیاکردنەوەی ئاستەکانی ژیانی مرۆڤی نییە، جیاوازییە سایکولوژییەکان، جیاوازییە فیکرییەکان، جیاوازییە بایۆلۆژییەکان.. هتد کە مرۆڤ لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا دەبێتە خاوەنیان، یان لە دەستیان دەدات.

هەر یەك لە ئێمە لە سادەترین پۆلێندا خاوەنی سێ قۆناغی زۆر ناسکە کە لە پرۆسەی گەشەکردندا پیایدا تێدەپەڕێ:

قۆناغی منالّی

قۆناغی مێردمنداڵی

قۆناغی لاوێتی

هەریەك لەم قۆناغانە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و ناکرێ وەك چەند قۆناغێکی جیاواز نەیانبینین، سایکولوژیای زەمەنەکانی منداڵی مرۆڤ تەواو سایکولوژیایەکی ئاڵۆزەو ناکرێ هەمان تێڕوانینی مێردمنداڵیمان هەبێت بۆی، ئەمە لە کاتێکدا لاوێتی تەواو پلەیەکی تری کەسایەتی‌یە و دیدگاو تێڕوانینەکانی تاك لەوێدا تەواو بەرەو گۆڕان دەچن لە بەرامبەر ژیانەوە.

گەر دەقی وتەیەکی رەسول (د.خ) وەك بەرجەستەی ئەم پۆلێنکاری‌یەو میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەك لە قۆناغەکاندا بێنین، زیاتر ئەم ئیشکالەی مرۆڤی کوردی رون دەبێتەوە، ئەو دەڵێت لەگەڵ منداڵەکانتان تا حەوت ساڵی یاریان لەگەڵ بکەن، پاشان حەوتی تر هاوەڵ بن لە گەڵیان، پاشان حەوتی تر چاودێر بن لەسەریان (لاعبوهم سبعا و رافقوهم سبعا و راقبوهم سبعا)[٢]؟

خودی پۆلێنکاری ئەو کاتە هاتە کایەوە کە ئێمە دانمان نا بە جیاوازی قۆناغەکانی مرۆڤدا، باس کردن لە چەند جیاوازێکیش، واتە لێدوان لە چەند هۆشیاری‌یەکی جیاواز بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو قۆناغە جیاوازانەی مرۆڤدا..لێرەوە (گەمەکردن) بە هەموو رەهەندەکانی‌یەوە دەبێتە ئەو میکانیزمەی قۆناغی منداڵی لای رەسول (د.خ)، گەمەکردن بە هەموو مانایەکی هۆشیاری بەم چەمکەو مەدلولەکانی، هۆشیاری گەمە کردن، ئەو هۆشیاری‌یەی قۆناغی یەکەمی منداڵەکە لە زۆر کاتدا ئەم کایەیەی ئێمە (خێزان) نی‌یەتی.

دواتر هۆشیاری قۆناغی مێردمنداڵی دێتە کایەوە کە هۆشیاری (هاوەڵایەتی)یە هاوەڵ ئەو زاتەیە کە ئێمە هەموو رازەکانی بۆ دەردەبڕین و بەشداری زۆرترین پرسیارو خەمەکانی ژیانمانە، ئیدی لەم قۆناغەدا مرۆڤ گەورەتر لە دنیا پێویست بە هاوەڵایەتی ئەندامانی خێزان هەیە تا رازەکانی گوێ لێ بگرن، بەڵام ئایا خێزانی ئێمە هاوەڵێکە بۆ مێردمنداڵی ئێمە، یان جەلادێك، ئایا ئێمە لە مێردمنداڵیدا مامەڵەی بەندەیەکمان لەگەڵ دەکرێت یان هاوەڵێکی (خاوەنڕا)؟

دوای ئەم دوو قۆناغە، (چاودێری) و هۆشیاری چاودێری دێتە بون، لە راستیدا چاودێری لای رەسول، تەعبیرە لەوەی کە لەم قۆناغەدا مرۆڤ دەچێتە دۆخێکی ئازادی تاکەکەسی خۆیەوە و چیتر لەوە ناچێ هاوەڵی قبوڵ بێت، بەڵکو دەبێت ناڕاستەوخۆ چاودێری بێتە میکانیزمی مامەڵە لەگەڵیدا، لێرەدا چاودێری ئەو رەهەندەی نیە کە تۆ موراقیبێك بۆ سزادان دابنێیت، بەڵکو ئەو رەهەندە بەرجەستە دەکات کە تۆ ئەو جەمسەری دووەمی گفتوگۆیە بیت (وەك خێزان) بۆ ئەوەی ئیشکالەکانی تاکی ناو خێزان ئاگادار بیت و رێگەچارەکان بدۆزیتەوە..

یەکەم ئیشکالی گەورەی ماف لای مرۆڤی ئێمە لەو جۆرە سەرهەڵدەدات کە ئێمە خاوەنی خێزانێکین سەراپا ناهۆشیارە بە قۆناغە جیاوازەکانی مرۆڤ، یەک پارچە بێ ئاگایە لە میکانیزمی مامەڵە لەگەڵ تاکە ئاست جیاوازەکانی ناو ئەم کایە ئاڵۆزە، ئێمە لە خێزانێکدا دەگوزەرێنین ویردی سەر زمانی پیاو ماقوڵەکانی لای منداڵەکان دەسەنرێتەوە، بازوی منداڵی بۆ کار دەکرێتە بازوی گەورەکان و دەخرێتە ناو ڕەوڕەوەی ژیانەوە، بەڵکو ئێمە ئەو کاتە منداڵێکی سالارین کە وەك گەورەکان مامەڵە دەکەین، و لاساری ئێمە لەوێدایە کە وەك منداڵ بژین، وەك منداڵ قسە بکەین، وەك منداڵ گەمە بکەین..، مێردمنداڵی و لاوێتی لە خێزانی ئێمەدا جگە لە دوو قۆناغی سەرابی ئاسا هیچی تر نین..

لەم حاڵەتەدا ئێمە توشی جۆرە مامەڵەیەکی سەنتەریزم دەبینەوە کە تا دوا چرکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان بەردەوامی دەبێت، ئەویش بڕیاردانی سەنتەرێکە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئاستە لێکنەچووەکانی خێزان بە یەك هوشیاری، واتە لە خێزانی ئێمەدا جارێك هۆشیاری نی‌یە بەرامبەر بە تایبەتمەندی قۆناغەکان و مافەکانیان، جارێکی تر لێپرسراوی خێزان بە هوشیاری‌یەکی کەم و کورتی خۆی دەبێتە بڕیاردەر لەسەر جوڵەی هەموو قۆناغەکان، ئەمەش فێرکردنی ئێمەیە بەوەی قبوڵی بکەین یەك ناوەندی بڕیاردان جۆرو فۆرمی مافەکانمان بۆ دیاری بکات (کە هیچ هۆشیاری‌یەکی نی‌یە بەرامبەر بە ماهیەتی مافەکانی ئێمەو جیاوازی قۆناغەکانمان). واتە ماف لەم حاڵەتەدا دەبێتە فۆرمێك کە ناوەندی بڕیاردانی خێزان شێوەو بڕەکەی دیاری دەکات، نەك ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی خێزان و قۆناغە تایبەتی‌یەکە بێت، ئێمە لەناو خێزاندا مافەکانی خۆمانمان بۆ پێناسە دەکرێ لە ڕێی هۆشیاری‌یەکی کەم و کورتی خێزانەوە، نەك مافەکان خۆیان بێنە گۆو بدوێن.

خێزان بەم خولقاندنی ئەم فەزای مامەڵە کردنە، ئێمە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بە جیاوازی ڕەنگ و بۆن و تاممانەوە گوێ بۆ بڕیارێك بگرین و ئەو بڕیارە ڕەنگرێژمان بکاتەوەو سنور و مافەکانمان بۆ دیاری بکاتەوە، نەك خۆمان قودرەتی پێناسەکردنی مافەکانمان لە دەستدا بێت..

هیچ گومان لەوەدا نی‌یە کە دوو جەمسەری خێزان (دایك- باوك) جوانی خۆیان هەیە، بەڵام کێشە لەوێدایە کە جوانیەکی ناهۆشیار ئامادە بێت و بۆ هەوو تەمەن تاکێکی ناهاوسەنگ بەرهەم دێنی.

داڕشتنی بنەماکانی ڕەوشت و مۆراڵی مرۆڤ لەو تەمەنە ناسکەی ناو خێزانەوەیە کە یەك تا پێنج ساڵی مرۆڤە، ئەم بنە مۆراڵیانەش مرۆڤ لەوانەوە دەیانخوازێ کە لێیدەخشێت و ڕۆژانەی ژیانی لەگەڵ گوزەرێنێت[٣]. لە دوای کایەی خێزان، مرۆڤی ئێمە فێری ئەوە کرا کە مافەکانی بۆ دیاری بکرێ و ڕازی بێت بەوەی یەك سەنتەری بڕیاردان بە هۆشیاری دیاریکراوی خۆی، جۆری ژیان و سنوری ماف و.. هتد بۆ هەموان داڕێژێ، دواتر ئەم ئیشکالە بۆ هەموو کایەکان درێژ دەبێتەوە، ئامادە بوونی کۆمەڵگەیەك لە بەردەم سەرۆکێکدا تا جۆری ژیان بۆ هەموان داڕێژێ، ئامادەبونی گروپی حیزبێك لە بەردەم سەرۆکی حیزبدا تا بە هۆشیاری خۆی

مافەکانی هەموان دیاری بکات، لەگەڵ ئەمانەدا هەر تاکێکی ناو خێزانی ئێمە خەون بەوەوە دەبینێ کە دوا جار بێتە سەرکردەیەك و هەقی ئەو چرکانە بکاتەوە کە مافەکانی بۆ دیاریکراوە و ئیتر ئەم ماف بۆ ئەوانی تر دیاری بکات، بە تایبەت ئەم ئیشکالە لە حەزی لە بن نەهاتوی منداڵی ئێمەدا رەنگ دەداتەوە بۆ بونە چاودێری پۆل (مراقب)، هەندێك لە سایکۆلۆژیستەکان تەواو پراکتیکی دیکتاتۆریانە دەگێڕنەوە بۆ ئەم حاڵەتە، بۆ نمونە ئەوان پێیان وابو پیاوی دیکتاتۆر ئەو پیاوەیە کە ماف و حەزەکانی منداڵی کەبت بووە و لە ئێستای دەسەڵاتدا هەوڵ دەدات بیانسێنێتەوە بە پێشێلکردنی مافی ئەوانی دی..

ئەوە راڤەی حەزی لە بن نەهاتوی حیزب و سەرکردەو گروپ و تاکی ئێمەیە بۆ دەسەڵات، چونکە لە هۆشیاری ناو خێزان و هەموو کایەکانی تری ئەم کۆمەڵگەیەدا ئەوەمان پێ دەوترێت کە بویتە دەسەڵات ئەو کاتە مافەکانت دەپچڕیت، بە واتا تۆ تەنها ئەو ساتە خاوەنی مافیت کە شێرێکی بە چەپۆکیت.

دواتر ئیشکالی ماف لە کایەی خێزانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کایەی خوێندن ئەو ناوەندەی چەندین کاتژمێری ژیانی تێدا دەگوزەرێنین و هۆشیاریمان دادەڕێژێ، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، ئەو ناوەندەی ناومان ناوە سیستەمی خوێندن و وا دەزانین میحرابێکی بێ گوناهی پەروەردەی ئێمەیە، لە کاتێکدا کەمتر لە کایەکانی تر بێ گوناه نییە، کەمتر لەو کایانە قەیرانی مافی ئەم مرۆڤەی لەخۆ نەگرتووە.

لە خێزاندا فێرکراین پێناسەی مافمان بۆ بکرێ و خۆمان قودرەتی پێناسە کردنی ماف لە دەست بدەین، فێرکراین، گوێ بگرین بۆ یەك هۆشیاری و یەك ناوەندی بڕیاردان.. هەموو ئەمانە دەبنە ئەو زەمینە قەیراناوی‌یەی کە رێگە بۆ جۆرێکی تر لە کلتور خۆش دەکەن کە ئەویش (کلتوری گوێگرتنە)، ئەو کلتورەی بۆ هەموو تەمەن مرۆڤی ئێمەی کردۆتە گوێگرێکی ئاقڵ و بۆ چرکەیەکیش توانای قسەکردنی نەماوە، ئەو کلتورەی دواجار دەمانکاتە ئەو مێگەلەی تەنها ئەو کاتە بجوڵیینەوە کە شوانە سیاسی‌یەکان و دەسەڵات قسەمان بۆ دەکەن.

## III

## سستەمی خوێندن لە نێوان کلتوری گوێگرتن و کلتوری بینیندا

لێدوان لە چەمکی (سیستەم) ئەو تێگەیشتنە سانایەی لا دروست کردوین کە ئێمە باس لە پرۆسەیەکی رێکخراوی کۆنکرێتی بێ کەم و کورتی دەکەین، بەو مانایەی کاتێك دەڵێین سیستەمی کایەیەك، ئیتر سیستەماتیزە بونی ئەو کایەیە لە نەستی ئێمەدا وای دەخاتە بەرچاو کە کایەیەکی دور لە شێواوی و قەیرانە..

لە کاتێکدا پێدەچێت هەموو ئەو کایانەی ئێمە بە سیستماتیزە کراو ناساندوومانن، لە هەناوی خۆیاندا دەیان کیشەیان بێدەنگ کردبێ و بە تەنها ناولێنان بە سیستەم، هەر هەوڵێکی رەخنەیی بێدەنگ بکات و بە ئەگەری ئانارشیستی وێنای بکات..

هەر لێرەوە کایەی خوێندن لە دنیای ئێمەدا، ئەو کایەیە کە بە ناو سیستماتیزە کراوەو پیرۆزی سیستەمی پێ بەخشراوە، لە کاتێکدا قەیرانی گەورەی چەمکی ماف لای مرۆڤی کوردی، لەم سیستەمەوە گەراکانی دەپیتێ. سەرەتا لە ئامادەبونی کلتورێك دەدوێم کە سەراپای ئەم سیستەمەی داگیر کردووە و دواتر دەبێتە کلتوری هەموو ژیانی تاکی کوردی، کە ئەویش (کلتوری گوێگرتنە) دواتر دێمە سەر ئامادە نەبونی کلتوری بینین لای ئەم مرۆڤە، و جیاوازی نێوان ئەم کلتورە. سەرەتایی ترین ئامۆژگاری کە فێرمان دەکرێت لە ساتەوەختی چونە ناو پۆلەکانی خوێندنەوە، ئامۆژگاری (گوێگرتنە)، (ئەوانەی لە هەموان زیاتر گوێ دەگرن، لە هەموان ئاقڵترن) (بۆ ئەوەی فێربین دەبێت گوێڕایەڵ بین)، فێربونی راست ئەو فێربونەیە کە بە گوێرگرتن لە مامۆستا دەبینە خاوەنی، لە راستیدا ئێمە هیچ نازانین و جگە لە نەفامێك هیچی تر نین، بۆیە بە ناچاری دەبێت گوێ بگرین..

مامۆستا دەبێتە ئەو ئەمباری زانستەی کە هەموو پرسیارەکانی ئێمە لە ڕێی گوێگرتنەوە وەڵام دەداتەوە..، بەڵام ئەو تەنها مامۆستا نییەو بەس، بەڵکو باوك و دڵسۆزیشە، ئەو باوکی قوتابخانەیە و هەموو ئەوانە شی کە دەیڵێت لە بەرژەوەندی ئێمەیە..

واتە ئێمە لە بەردەم مرۆڤێکداین کە دەبێت نەك تەنها بۆ ئاراستەی خوێندن گوێڕایەڵی بین، بەڵکو بۆ ئاراستەی بوارەکانی تری ژیانیش.. وانەکان لە خوێندنی سەرەتاییدا هەمویان وانەی تیۆرین و دەبێت بە گوێگرتن فێریان ببین نەك پراکتیکێکی بەرچاوەکانمان و بیانناسین.. هۆشیاری گوێگرتن لەم ساتەوەختەوە هەموو ئاگاییەکان داگیر دەکات، کە تۆ فێر دەبیت بۆ فێربون، بۆ هەڵوێست گرتن، بۆ بڕیاردان و.. هتد لە ژیاندا پێویستت بە واعیزێك بێت، نەك مامەڵە لەگەڵ روداو و شتەکاندا بکەیت بەو جۆرەی دەیانبینی..، جیاوازی نێوان کلتوری بینین و کلتوری گوێگرتنیش ئەوەیە لە کلتوری بینیندا (واتە ئەو کاتەی شتەکان بە چاو دەبینی و دواتر دەیانناسی و پێناسەو مانایان پێ دەدەیت و هەڵوێستیان لەسەر دەگری)، پێشوەخت گوێگر نیت بەڵکو خودی روداو، یان بینراو ئاراستەی هەڵوێستەکانت دیاری دەکەن، واتە سەقفێك نییە بۆ ئەوەی تۆ لێی دەرنەچی و ماناو دەلالەتی نوێ بدەی بەو بینراوە، لە کاتێکدا چرکەوساتی گوێگرتن ئەو چرکەساتەیە کە تۆ چاوەڕێیت یەکێك لە دەرەوەی خۆت مانا و پێناسە بداتە ئەو شتەی کە خۆت دەیبینی، خۆت قودرەتی ئەوت نییە پێناسەو مانای بدەیتێ، چونکە وا راهێنراویت کەیەکێك لە رێگەی گوێگرتنەوە هەڵوێستەکانت بۆ دیاری بکات لەو بینراوە.

ئەمە راڤەی ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤی ئێمە بۆ بە چاوی خۆی دەیان پێشێلکاری و کێشەی کۆمەڵگەی دەبینێت، بەڵام بێ هەڵوێستە؟، لەبەرئەوەی ئەو چاوەڕێی سەرکردەی گروپەکەی، یان میدیای حیزبەکەیەتی ئەو کێشە و پێشێلکاریانەی بۆ پێناسە بکات و دەبێت گوێبگرێ تا فێربێت چۆن هەڵوێست دەگرێ، چونکە کلتوری گوێگرتن قودرەتی ئەمی تێکشکاندوە و ناهێڵێ خۆی مانا بداتە ئەو شتەی دەیبینێ.

گەر قوتابی‌یەك بپرسێ فلانە تیور بۆچی بە جۆرێكی تر نەبوو؟ یاخود فلان رۆژ بۆ كرایە پشوو فلانە رۆژی تر نەكرایە پشو؟، یاخود بۆ فلانە مامۆستا تورەیە و لە قوتابی دەدات؟.. هتد كە لەوانەیە ئەم پرسیارانە لۆژیكی خۆیان هەبێت و كەشفی كێشەیەك بكەن، بەڵام بۆ وەڵامی ئەم حاڵەتانە دەبێت گوێبگرێ تا مامۆستا بە قودرەتی قسەكردن و پاساوهێنانەوەی شتەكانی بۆ دیاری دەكات..

ئیدی دەیان پێشێلكاری ناو گروپێك كە هەموو ئەندامانی گروپ بە (چاو) دەیبینێ ورتەی لەسەر ناكرێ، چونكە سەرۆركی گروپ بە گوێگرتن پاساوەكانمان بۆ دەهێنێتەوە، دەیان كێشەی كۆمەڵگەیەك رێپێوانێك بە تاكی ئێمە ساز نادات، ئەمە لە كاتێكدایە بە چاوی خۆی قەیران دەبینێ و قودرەتی پێناسەی قەیران و هەڵوێست لێ گرتنی نی‌یە، بەڵام كاریزمایەك بەسە بۆ ئەوەی لە كاتژمێرێكی دیاریكراودا هەمووومان بێنێتە سەر شەقامەكان، چونكە فێر كراوین گوێبگرین.

دواتر ئەو كۆمەڵگەیە دەخوڵقێ كە توانای پێناسەی نی‌یە، قودرەتی پێناسەكردنی ئەو كاتە لەدەست دەچێت كە ئێمە فێركراوین پێناسەكان لەبەر بكەین، گوێبگرین تا مەتنی پێناسەكان وەك خۆی بڵێینەوە..، لەبەركردنی مەتنە زانستی‌یە كان باڵاترین فەزای خوێندنی ئێمەیە، وە هەریەك لە ئێمە بەوە بەرزترین پلە بەدەست دێنێ كە زۆرترین مەتنی زانستمان لەبەر بێت، هەر دەرچویەكی سیستەمی خوێندنی ئێمە قاموسی چەندان مەتنی زانستی‌یە كە بە گوێرگرتن فێری بووە، بەڵام ئەم كلتوری گوێگرتنە قودرەتی ئەوەی لێ سەندۆتەوە كە بە هەموو تەمەن نەتوانێ پێناسەیەكی تر بۆ ئەو شتانە بكات، ئەمەیە مردنی هەر رۆحێكی داهێنان لە دنیای ئێمەدا..

كێشە لەوێوە سەرهەڵنادات كە ئێمە لەناو ئەم سیستەمەدا بە گوێگرتن فێر دەبین، بەڵكو لەوێوەیە كە گوێگرتن بۆتە فەزایەك و سەراپای سیستەمەكەی داگیركردوە، ئەوكاتەی چەمكەكان دەبنە فەزای هەر كایەیەك لە كایەكان، هەموو هۆشیاری ئەو كایەیە لە دەرەوەی ئەوان ناخوڵقێت، بەڵكو ناراستەوخۆ دەچێتەوە ناو هەمان فەزای زاڵ، لەوێوە جارێكی تر هۆشیاری ئەو تاكە بەرامبەر كۆمەڵگەو چواردەور سەرچاوە دەگرێت..

قسەكردنی خوێندكار لەم سیستەمەدا تەنها بۆ وتنەوەی مەتنە زانستی‌یەكانە كە خودی مامۆستا فێری دەكات، گفتوگۆ لەم سیستەمەدا لە چوارچێوەی ئەو فەزایەدایە كە مامۆستا دیاری دەكات، هەر لێدوانێكیش لە دەرەوەی مەتنی زانستی و فەزای رێپێدراو جگە لە ئانارشیشت و نەفامی‌یەكی منداڵانە هیچی تر نی‌یە، واتە تۆ قسە دەكەیت بەڵام هەر بێدەنگیت، چونكە خودی قسەكردنەكەت لەناو بازنەی فەزایەكی رێپێدراودایەو ئەمە ئەو حاڵەتەیە كە دەكرێ ناوی بنێین (ئەفسانەی ئازادی)، ئەفسانەیەك كە ئێمە تیایدا ئازادین و لە هەمان چركەشدا بەندی ناو فەزایەكین.. دواتر ئەمە درێژ دەبێتەوە بۆ هۆشیاری كۆمەڵایەتی مرۆڤی كوردی ئێمە، ئەو مرۆڤەی وەهمی ئازادی خودی ئازادی لەبیر بردۆتەوە، ئەو مرۆڤەی مامۆستا سیاسی‌یەكان پێشوەخت جۆری قسەكردن و سنوری قسەكردنەكانی بۆ دیاری دەكەن،

ئەوکاتەش سەرکەشێکی ئەم کۆمەڵگەیە بیردەکاتەوە لە فەزایەکدا بدوێت کە لە دەرەوەی سنوری مامۆستا سیاسییەکانە، ئەوا هۆشیاری کۆمەڵایەتی (کە هۆشیاری وەهمی ئازادییە) جگە لە ناماقوڵێك پێناسەیەکی تری ناکەن.

قەیران لەوێدایە تا هەنوکەش کە لە سیستەمی خوێندن دەدوێین، بێئاگاین لەوەی لە ناوەندێك دەدوێین هەریەك لە ئێمە ڕۆژانە چەندان کاتژمێری تێدا بەسەر دەبەین و پلە بە پلەو ناڕاستەوخۆ هۆشیاریەك لای هەمومان دادەڕێژێ، کە ئەگەری ئەوەی هەیە بێتە هۆشیاری هەموو ژیان.

نەبوونی پراکتیکێکی بینراو لە سیستەمی خوێندنی ئێمەدا یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی بێئەنداز کلتوری بینینی لای قوتابی کوشتووە، واتە نەبونی ئەزمونی بینراو لە میتۆدی خوێندندا (بێگومان ئەم ئامادە نەبونەی بوارێکی پراکتیکی بە تایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیشدا) دوبارە کلتوری گوێگرتن و وەرگرتنی بیستن (التلقی السماعی) زاڵ دەکاتەوە.. بینینی ڕاستەوخۆی شتەکان، ئەو توانایەیان دەداتێ پەیوەندی فرە ڕەهەند لەگەڵ ئەو شتەدا دادەمەزرێن جیاواز لەو پەیوەندییەی بیستومانە لە بارەیەوە، واتە کلتوری بینین ئەو کلتورەیە کە قودرەتی داهێنانی پێناسەی نوێ و ناوی نوێ و داهێنانی نوێمان تیا دروست د ەکات..

کرشیستنا مورتی پێی وابوو پرۆسەی ناسینی شتەکان، ئەوکات سروشتی دەبێت کەئێمە ڕاستەوخۆ بە چاوانی ڕونەوە بیانبینین، ئەو دەیوت هەموو بینینێکی سروشتی لە سێ ڕەگەز پێکهاتووە.

منی بینەر

ئەوی بینراو

پرۆسەی بینین

تاکە شتێك کە لە نێوان منی بینەرو ئەوی بینراودا هەبێت، تەنها پرۆسەی بینینەکەیە نەك هیچی تر، گەر هەر شتێکی تر یان دەنگێکی تر هاتە ئەم نێوانەو ە وەسفی بینراوەکەی بۆ کردین، ئەوا دەبێت بە گومان بین لەوەی شتەکەمان ناسیبێ بە گومانیش بین لەوەی ئەو پێناسەیەی پێی دەدەین خۆمان بین، بەڵکو ئەوە ئاراستەی تێگەیشتنەکەی دیاریکردین نەك خۆمان(٤) پێ داگرتنی مورتی لەسەر ئەوەی کلتوری بینین زاڵ بێت بەسەر ژیاندا، لەوێوەیە کە مورتی باوەڕی وابوو ئەم کلتورە قودرەتی قسەکردنی ئازاد لەسەر ئەو شتانەی دەیانبینین، و قودرەتی پێناسەکردنی ئازادی شتەکان لە هەناوماندا پەرە پێ ئەدات.

بەڵکو ئەو پێی وابوو کاتێك دەبینین و کلتوری بینین(٥) جێی کلتوری گوێگرتن دەگرێتەوە، ئەوا پوچەڵی ئەو پێناسەو مانادانە تەقلیدییانەش کەشف دەکەین کە تا دوێنێ بە یەقینەوە بە ڕەهامان دادەنان.

(سوهراب ) لەم سۆنگەیەی مورتییەوە لە تێکستێکی شیعری ناسکدا داوامان لێ دەکات کە چاوەکانمان بشۆین وشەکانیش بشۆینەوە و لە بەر باران خۆشەویستانمان ببینین تا بە ڕونی شتەکان ببینین.

لە دەرئەنجامدا کلتوری بینین، کە نادیارترین کلتوری سیستەمی خوێندنی ئێمەیە وا دەکات کە مرۆڤی ئێمە متمانەی بەوە هەبێت کە دەیبینێ، نەك بەوەی دەیبیستێ، ئەو دەبینێ دەیان مافی دەخرێتە ژێر خاك بەڵام گوێ دەگرێ بۆ ئەو کاریزمایەی لە وێنەی مامۆستادا پێی دەڵێ بێدەگ بە، ئەو دەیبینێ کڵاوی هەمووممان گەردەلول بردویێتی، بەڵام گوێ دەگرێ لەو حەکیمەی لە وێنەی مامۆستایەکدا فێری دەکات (دەست بگرە بە کڵاوەکەی خۆتەوە با با نەیبات)

مرۆڤی کوردی زۆرێك لەو پیاوە دەچێت کە گەردەلول جلی لەبەردا نەهێشتوە بەڵام هەر داوای لێ دەکرێ خەیاڵی لای کڵاوەکەی بێت.

## لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی و سیستەمی خوێندن

لە سیستەمی خوێندندا مامۆستا دەبێتەوە ئەو سەنتەرەی کە هەم مەتنی زانستیمان فێردەکات، هەم باوك و قسەکەرێکە لەسەر کێشەکان، لەم حاڵەتەدا قوتابی ناوەندێکی تری نییە کە لەگەڵیدا بدوێ وەك هاوڕازێکی هۆشیار بە کێشە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەکانی، ئەمەش بە پلەی یەك دەمانباتەوە سەر ئیشکالی نەبونی لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا، ئەو لێکۆڵەرەی ئەگەری ئەوەی هەیە وردتر لە ئیشکالەکانمان بگات و هاوەڵانەتر و هۆشیارتر مامۆستای باوك و چارەسەرەکانمان پێ بناسێنێ..

کاتێك لە مامۆستای باوك دەدوێین، لەو کاراکتەرە قسە دەکەین کە کەمترین رۆشنبیری سایکۆلۆژی ئەو قۆناغە ناسکەی منداڵی لایە، بەڵکو زۆرینەی ئەو کاراکتەرانەی وەك مامۆستا دادەنرێن و مامەڵە لەگەڵ ئەو چەندە لە مرۆڤ دەکەن بێ ئاگان لە زۆر رەهەندی سایکۆلۆجی و شێوازی مامەڵە لەگەڵ ماف و پێداویستییەکانی مرۆڤ لەو قۆناغەدا (بە تایبەتی قۆناغی سەرەتایی) لێرەوە دەچینەوە ناو هەمان ئیشکالی ماف لای ئەم تاکە، ئیشکالی بە سەنتەر بونەوەی یەك ناوەندە کە مافەکان دیاریدەکات، نەك مافەکان بناسێ و مامەڵەیان لەگەڵ بکات..

خوڵقاندنی دەرگایەك بۆ کردنەوەی پرسیارو کێشەکانی قوتابی کە هاوەڵ بێت نەك سەرۆك و باوك و مامۆستا، وا دەکات لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی (باحث اجتماعی) ئەو سەرەتایەی پێناسەی مافەکان بێت کە تا ئێستا کلتوری گوێگرتن لە ئێمەی سەندوتەوە، کردنەوەی کەناڵێك بێت بۆ گفتوگۆیەکی دوو جەمسەرەی خوێندکارو ئەویکی تر کە مامۆستای باوك نییە..

## چاودێری و چەمکی تاوانبار

یەکەم پرۆسەکە فێری ئێمە دەکرێت لە قۆناغی سەرەتایی خوێندندا، پرۆسەی دانانی چاودێری (مراقب)ە لەسەر جوڵەکانی ئێمە، ئەو چاودێرەی پۆل کە بۆ ئەوە دانراوە تاوانەکانی ئێمە بنوسێتەوە و دیسپلین بخاتە سەر هەڵسوکەوتە منداڵـەکانمان دانانی چاودێر و بەکاربردنی ئەم ناسناوە تەنها ئەوە فێری ئێمە ناکات کە بەردەوام پێویستمان بە شوانێك بێت و ئێمەش مێگەل، بەڵکو وامان لێ دەکات زۆر بە ترسەوە مومارەسەی ئەو مافە سروشتییانەش بکەین کە لەگەڵ مرۆڤ بونمانەوە دەبینە خاوەنی..

پێكـەنینی قوتـابی پـۆل لای چـاودێر سـنور بەزاندنـە و لای مامۆسـتاش فۆرمـی تـاوان وەردەگرێت، قسەكردن دەبێتە ئەنارشیستی پۆل كەمترین جوڵەی جەستەیی دەچێتەوە ریزی تاوانباری لای چاودێری پۆل..، ئیدی نەك مافمان پێ نەبەخشرا، بەڵكو میكانیزمێك خراوەتە گەڕ بۆ ئەوەی مافە سروشتییەكانیشمان لێ زەوت بكات.. لە كاتێكدا ئەم مافانە بۆ مرۆڤی ئەم قۆناغـە تـەواو پەیوەسـتە بـە پێكهاتـە بـایۆلۆژی و سـایكۆلۆژییەكەی مرۆڤـەوە لـەم زەمەنـە سەرەتایەی تەمەنیەوە و هەر بە حەرام كردنێكی ئەم مومارەسانە تێكشاندنێكی ناوەكی ئەم مرۆڤەیـە.. ئـەم حاڵەتـە فێرمـان دەكـات بـۆ هـەموو تەمـەن لـە بـەردەم چـاودێرە سیاسـی و ئیدارییەكانیشدا وێنەی خۆمان تەنها وەك تاوانبارێك ببینین كە مومارەسەی بچوكترین ئاستی مافە خودیو سروشتییەكانی خۆی دەكات.

لێرەوە مرۆڤی ئێمە نەك داوای مافە باڵاكانی خۆی پێ ناكرێ، بەڵكو رازیشە بەو حاڵەتەی كە مافە سروشتییەكانی خۆی لێ دەسەننەوەو لەسەرو ئەمەشەوە شوناس تاونباری پێ دەدرێ..

قەیران لەوێدایە كە ئەم سیستەمە كاراكتەرێك دەكاتە چاودێری ئێمە كە لە خۆمانەو خاوەنی هەمان هۆشیاری و غەریزەكانی ئەو قۆناغەی ئێمەیە ئەمەش دووبارە بە سەنتەركردنەوەی ئەو ناوەندەی دەسەڵاتەكە بێ ئاگایە رەهەندەكانی مافی ئێمە.

پرسـیار لەوێدایـە بۆچـی هـەمووومان حـەز دەكـەین ببینـە چـاودێری پـۆل؟[٦] ئـەم حـەزە چ گرێیەكی سایكۆلۆژی لەخۆ گرتووە؟

ئەم حەزە لـەوێوە سـەرچاوە دەگرێ كە هۆشیاری ئەم كۆمەڵگەیە ئەوەمان پێ دەڵێت. تـۆ تەنها ئەو چركەیە دەبیتە خاوەنی ماف و مافیش دەبەخشی كە لە ناوەندی دەسەڵاتداریت، لە دەرەوەی ئەم ناوەندە تەنها مافەكانت بۆ دیاری دەكرێ، نەك وەك خۆیان مومارەسەیان بكەیت، واتە لە هەناوی هەریەك لە ئێمەدا حەزی دەسەڵات ئامادەیە تا غەریزەو مافە كەبتكراوەكانمانی تیا پراكتیك بكەین، ئەمەش دواجار هیچ نییە جگە لە پرۆسەیەك كە دەرئەنجامەكەی حەزێكی دیكتاتۆری لە پای غەریزە چەپێنراوەكانیدا دنیایەكی داماڵراو لە چەمكی ماف دەخولقێنێ، ئەمەیە پرۆسەی بەردەوامی بەرهەم هێنانەوەی دیكتاتۆر لەم كۆمەڵگانەدا.

IV

## شۆڕش و دەسەڵاتی شۆڕش
## ماف و ئەزمونی شۆڕش

ئـەزمون لـە مێـژوی مرۆڤـدا ئـەو چركـە سـاتانەیە كـە دواتـر بەشـێك لـە جیـهانبینی ئێمـە دەخولقێنێ بەرامبەر بە چەمكەكانی ژیان، بە واتـا هـەر ئـەزمونێك بەشـی خـۆی خولقێنـەری دیدگاكانمانە بەرامبەر هەنوكەو داهاتوش..

ئەزمونی شۆڕش لە دونیای كوردیدا ئەو ئەزمونەیە كە نەك تەنها زۆرینەی تێڕوانینەكانی تاكی ئێمەی بونیاد ناوە، بەڵكو خودی ئەم ئەزمونە درێژ بۆتەوە بۆ ناو هەنوكەی پراكتیكی كۆمەڵایەتی..

واتە ئێمە جارێك لە بەردەم هۆشیاری ئەزمونی شۆڕشداین، جارێكی تر لە بەردەم سیستەمی شۆڕشـدا، سـەرەتا لـە چـەمكی هۆشـیاری شـۆڕش دەدوێـم و پـەیوەندی ئـەم هۆشـیارییە بـە رەهەندەكانی مافەوە، دواتر دێمە سەر سیستەمی شۆڕش یان (دەسەڵاتی شۆڕش).

## شۆڕشی ئەزمونی شۆڕش

زەمەنی شۆڕش لەم باسەدا کۆی ئەو ئەزمونە فیداکاریانەن کە بزوتنەوەی کوردی بە درێژایی ئەم سەدەیە بەرهەمی هێناوە بەرامبەر بە نەیاری نەتەوە، لێرەدا دەستەواژەی (نەیاری نەتەوە هەموو ئەو رۆحە دەرەکیانەن کە بەردەوام رۆح کێشانی ئەم مرۆڤە کوردییەیان پراکتیك کردووە) دواتر لە رەهەندەکانی رۆح کێشان و قەیرانی ماف دەدوێم.

رۆژگارەکانی شۆڕش ئەو رۆژگارانەن کە دوو کاراکتەری (سەرکردە– فیداکار) وێنەی دیاریەتی، ئێمە ئەو هەزاران فیداکارەین کە کاریزمایەك ئاراستەمان دەکات، لە ئاست سەرکردەدا پۆلە هەڵۆیەکین ئەو دەماننێرێتە گیان ئەو گورگانەی دەیانەوێت رۆحمان بکێشن..، ئیدی لێرەدا سەرکردە پیاوێکی ئێمە ئاسا نییە کە دوو چاوی هەیە و یەك هوشیاری، بەڵکو ئەو فریادرەسە بەمشورەیە کە ئێمە رووەو رزگاری ئاراستە دەکات، ئەو ریش سپیەیە پڕ حیکمەتەیە کە بە ناچاری دەبێت فیداکاری ئاماژەکانی بین.

لە راستیدا ئەم وێنانەی سەرکردە لای مرۆڤی فیداکار زۆرێك لۆژیکی ئەفسانەیی هەیە بۆ زەمەنەکانی شۆڕش، واتە ئەفسانەیە بەڵام لە هەناوی خۆیدا لۆژیکی خوڵقاندنی گروپی شۆڕشی هەڵگرتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگری بڕێکی کەم لە ئیشکالیش نییە..

لەم ئاستەدا ئێمە مرۆڤێکمان هەیە رەهەندی بەیانی (بیان)ی ژیان دەوەستێنێت و سەراپای جەستەی دەبێتە رەهەندی بزواو (حرکی)، بەو مانایەی هێندەی ئامادەیە ببزوێ هێندە پرسیار لە مانای بزواندنەکانی ناکات، لە کاتێکدا فیداکاری بە ئاماژەکانی سەرکردە ناڕاستەوخۆ تێکشکاندنی پرسیارەکانی مافە، تەماهی بوونە لەگەڵ فەرمانێکدا کە لە هەناوی خۆیدا قەیرانی مافەکانی فیداکاری هەڵگرتووە..

کێشە لەوێوە سەرهەڵدەدات کە ئەم هۆشیارییە دەبێتە هۆشیاری ژیان، دەبێتە کلتوری شارو زەمەنی دوای شۆڕشیش، ئیدی کۆمەڵگەیەکمان هەیە بۆ ئاماژەکانی سەرکردە دەبێتەوە هەمان فیداکار بەڵام ئەم جارەیان دژ بە نەیارێکی ئایدیولوژی، واتە لێرەدا فیداکاری بۆ ئاماژەکانی سەرکردە دەبێتە مۆراڵی کۆمەڵگە دواتر ئەم قەیرانە بە ئاراستەی کایە هەرە وردەکانی کۆمەڵگەدا شۆڕدەبێتەوە، ئەمجارەیان خودی فیداکار دەبێتەوە سەرکردە بۆ دەزگاکان، بۆ ناو خێزان، بۆ ناو ئەکادیمیاو چاوەڕێیی فیداکاری لەژێر دەستەکانی دەکاتەوە، نازناوی (لادەر و ناماقوڵیش) دەداتە هەر دەنگێك کە نابێتە فیداکارێکی گوێڕایەڵ.

لەم حاڵەتەدا قسەکردن لەسەر مافی بە فیداکارانە بوون بۆ گروپ بۆ دەزگای دەسەڵات بۆ باوکی ناو خێزان بۆ سەرکردەی حیزب دەبێتە سەرکەشییەکی گەورەی تۆ، بەمەش لە ریزی فیداکارەکان دەچیتە دەرەوە بۆ ناو کۆڕی ناماقوڵەکانی کۆمەڵگە، بۆ ناو کۆمەڵی ئەو خیانەتکارانەی دەبێت پلە دوو بکرێن.

### گروپی شۆڕش و ترسی دەرەکی

گروپی شۆڕش ئەو شورا ئاسنینەیە کە دەمانپارێزێت لە جەنگەڵی دەرەوەی شۆڕش دەمانپارێزێ لەو مەترسییەی کە بەردەوام وەك هێزێکی دڕندە دەیەوێت کۆتایی بە چرکەکانی ژیانمان بێنێت، واتە ئێمە لە زەمەنی شۆڕشدا بەردەوام لە بەردەم ئەگەری مردنێکی حەتمیداین، مردن بە دەستی بەعسیزم بە دەستی تورك، فارس.. هتد.

مردن لوتکەی لە دەست دانی ڕۆحە، لە کاتێکدا هەر حاڵەتێکی کەمتر لەمردن ئەگەری بەردەوامی ڕۆحی تێدایە، ئیتر با ئەو حاڵەتە چەندان مافیشی تێدا پێشێل بکرێ.

مرۆڤی ئێمە بەردەوام فێری ئەوە کراوە لە چرکەکانی پێش مردندا بژی و بەم ژیانەش ڕازی بێت، چونکە بە قبوڵ نەکردنی ئەم حاڵەتە مردنی یەکجارەکی وەك دێوەزمەیەك پیشان دراوە، قبوڵ کردنی هەموو بێ مافی‌یەکانی ناو گروپی شۆڕش لە پێناو مەترسی دەرەکی مردندا، ئەو هۆشیاری‌یەی ئەزمونی شۆڕشە کە خۆی درێژ دەکاتەوە بۆ زەمەنی دوای شۆڕشیش قەیرانەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات کپ دەکرێتەوە لە پێناو مەترسی دەرەوەدا..

ئیدی لەم بارەدا تۆ ڕوئیایەکی ڕونت دەست ناکەوێ لەسەر زەمەنەکانی ماف، بەڵکو بەردەوام زەمەنەکانی ترس لەم هۆشیاریەدا دووبارە دەبێتەوە، تاکە هیوایەك بۆ ماف و بەدەست هێنانی دەبێتە ئەو چاوەڕوانی‌یەی کە هەرگیز نایەتەدی.

(ئەریك فرۆم) ئەم جۆرە لە هیوای ناو نابوو هیوای نێگەتیڤ (الأمل السلبي)، ئەو هیوایەی لە زەمەن دەپارێتەوە بێتە دی، خۆی بە ڕەهایی دەداتە دەست داهاتوو، لە کاتێکدا هەرگیز نایەتەدی گەر ئێستا هەوڵی بۆ نەدرێ[٧].

هۆشیاری شۆڕش مرۆڤی کوردی کردۆتە چاو لە ڕێی زەمەنێك قسە لەسەر مافەکانی بکرێ کە تێیدا دڕندەکان و مەترسی‌یەکانی دەرەوە نامێنێت، لە کاتێکدا ژیان مەملەکەتی ململانێی دڕەندەکانە و بەردەوامیش وا دەبێ.

## شۆڕش و کلتوری بەخشین

بزوتنەوەی شۆڕش جوڵەیەکی بەردەوامی بێ شوێنە، بەو مانایەی شۆڕش و گروپی شۆڕش جوگرافیایەکی دیاریکراوی نی‌یە خۆی تیا بخولقێنێ، دەستکەوتێکی دیاریکراوی نی‌یە بیکاتە بونێکی خاوەن خود، لێرەوە ئەو بەردەوام پێویستی بە جۆرێك لە بەخشینی ئێمەیە تا ئەکتیڤیەتی خۆی بپارێزێ، پێویستی بە قوربانی نەبڕاوەی ئێمەیە تا ئیفلیج نەبێ، ئیدی تاکی کوردی لە زەمەنی شۆڕشدا هەموو شتەکانی دەکاتە قوربانی و تەنها ساتێکیش بیر لە وتەزای (بێنە) ناکاتەوە.. لێرەوە هۆشیاری شۆڕش ئێمە دەکاتە ئەو ئامادە باشەی بەخشین کە ماناکانی (داواکردن)مان لەبیر دەچێتەوە.

لە کلتوری بەخشیندا بوارێك نی‌یە بۆ لێدوان لە چەمکی ماف، بەڵکو هەر لێدوانێك لەم چەمکە دەچێتە بازنەی ناماقوڵی و خودپەرستی‌یەوە.. ئەمە حاڵەتێکی سروشتی هەموو شۆڕشەکانە.

قەیران لەوێدایە کە ئەم هۆشیاری‌یە بێتە هۆشیاری زەمەنەکانی دوای شۆڕشیش، چونکە لە زەمەنی دوای شۆڕشدا ئێمە لە بەردەم جوگرافیایەکداین کە شارە، لە بەردەم دەسەڵاتێکداین کە دەسەڵاتی کۆمەڵگەیە، لە بەردەم چەندان چین و چەندان بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکانداین، وە چیتر شۆڕش لەو فۆرمە نا شوێنی‌یەی خۆیدا نەماوە تا بەخشینەکانی ئێمە بوونی بپارێزێ، بەڵکو ئەو ئێستا بونێکی مەکانی‌یەو دەبێت پرسیاری مافی لێ بکرێ و چیتر کلتوری داواکردن و (بێنە) سەرهەڵبدات.

تا ئێرە لێدوان لەسەر ئەو هۆشیاری‌یەی کە ئەزمونی شۆڕش لە بونیادی عەقڵی مرۆڤی کوردیدا بونیادی ناوەو سەرتاپا پێچەوانەی رەهەندەکانی مافە لای ئەم عەقڵە..، ئیشکالەکە تەنها لێرەدا ناوەستێت بەڵکو بەدوای ئەم هۆشیاری‌یەدا سیستەمێکی سیوسیوسیاسی لە دایك دەبێت کە زەمەنەکانی دوای شۆڕشیش دەبات بەڕێوە و چەندان قەیرانی تری ماف دەنێتەوە.

## سیستەمی شۆڕش و دەسەڵاتی شۆڕش

لە هەناوی ئەو هۆشیاری‌یەدا کە کوشتنێکی حەتمی مافی هەڵگرتووە، بونێك لە دایك دەبێت کە قۆناغی دوای شۆڕشیش کۆنترۆڵ دەکات، ناکرێ باس لە هۆشیاری‌یەکی دەستە جەمعی بکەین و راستەوخۆ نەچینە سەر ئەو سیستەمەش یان ئەو پراکتیکانەش کە ئەو هۆشیاری‌یە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرهەم دێنێت.

دەرئەنجام ئێمە لە بەردەم فۆرمێکی مامەڵەداین کە چەمکەکانی شۆڕش بە دەرکەوتەی نوێوە ئاراستەی دەکات، (دەرکەوتەی نوێ) واتە بەرجەستەبونەوەی ماناکان و هۆشیاری ئەو ئەزمونە لە پراکتیك و مومارەسەی نوێی زەمەنی شاردا.

## باخەوان و بەری شۆڕش

(هەموو دەستکەوتەکان بەری ئەزمونی شۆڕشن)، ئەمە ئەو دەستەواژەیە کە لێیەوە دەڕوانرێتە هەموو ئەوەی ئێستا هەیە، کۆمەڵگە، یاسا، ئازادی، دەسەڵات، دادپەروەری.. هتد هیچ نین جگە لە بەری ئەزمەونی شۆڕش. بەڵام کاتێك باس لە بەری باغێك دەکەین، راستەوخۆ ئەوەمان ئاماژە داوە کە کۆمەڵێك باغەوانی دیاریکراویشمان هەیە لە ئاست ئەم بەروبومەدا، واتە چیتر ئێمە لەبەردەم ئەزمونێکدا نین کە هی هەموومانە، بە قەد ئەوەندەی لە ئاست بەری رەنجی چەند باخەوانێکداین..، لێرەوە چەمکی دەسەڵات فۆرمێکی تایبەتی کۆمەڵە مرۆڤێك وەردەگرێ، کە لەوانەوە چەمکەکانی تر مانای خۆی وەردەگرێ..

(ئازادی، دادپەروەردی، ماف) هەموو ئەمانە بەری شۆڕشن وە پیاوانی شۆڕشیش ماناکانیانمان بۆ دیاری دەکەن..

قەیران لەوێوە سەرهەڵدەدات کە خودی ئەم بە خاوەنداری کردنەی ئەزمونەکان لەگەڵ بچوکترین رەهەندەکانی شارو مەدەنیەتدا.. نایەتەوە و ناکۆکن، یەکەمین ناسنامەش کە لێرەدا توشی قەیرانی گەورە دەبێت ناسنامەی (هاوڵاتی) بوونی تاکە، کاتیبێك باس لە خاوەنداری ئەزمونێك و پێکهاتەکانی دەکەین وەك موڵکی ئەزمونێك و ئەو ئەزمونەش کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو خۆیان بە نوێنەری دەزانن، ئیدی ئێمە لەبەردەم پرۆسەیەکی تری ئاغاو مسکێنداین و ئەم لۆژیکە پەیوەندی دەسەڵات و کۆمەڵگە ئاراستە دەکات نەك لۆژیکی هاوڵاتی، واتە چیتر جیاکاری‌یە ئایدیۆلۆژی‌یەکان شەرعیەتی خۆیان وەردەگرن لە ژێر پەردەی شۆڕشدا، ئید دەزگاو پێکهاتەی کۆمەڵگە دەبێتە موڵکی ئایدیۆلۆژیای شۆڕش نەك موڵکی دەسەڵاتێکی نیشتمانی.. ئەمەش بەهەپرون کردنی گەردەکانی چەمکی مافە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئیدی ئێمە ناسنامەی هاوڵاتیمان بەس نی‌یە تا مرۆڤ بون و مافەکانمان بە رەوا ببینرێت، بەڵکو لێرەوە ناسنامەی (شۆڕش– ئنتما) سەرهەڵدەدات کە دواتر دێمە سەری.

کاتێك لە بەردەم تێگەیشتنێکداین شەرعیەت دەدات بەوەی کە کۆمەڵە مرۆڤێکی وەك خۆمان، نەك پیرۆزەو رەها سنوری ئەو چەمکانەی وەك (ئازادی، دادپەروەری، فرەیی.. هتد)مان بۆ دیاری بکەن، بە پاساوی ئەوەی ئەمانە نوێنەرانی زەمەنی شۆڕش و ئەم چەمکانەش (بەری) شۆڕشن، ئەوە پێئاگاین لەوەی لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بە تاڵ لە چەمکی (ماف)دا گوزەر دەکەین، ئەوا بێئاگاین لەوەی ئازادی ئەو کاتە دەبێتە گەمەیەکی منالانە و بێ مانا کە دەسەلات و گروپێك سنورەکانی بۆ گروپەکانی دی دیاریدەکات، دادپەروەری ئەوکاتە وەك (سەرو ریشی) برناردشۆی لێ دێ کە وەك بەری ئەزمونێك سەیری بکرێ. نەك وەك چەمکێکی مرۆیی و رەها (بەرنادشۆ ئەیون دادپەروەری ژیانم وەك سەرو ریشی خۆم دێتە پێش چاو، سەرێکی ساف و بێ توك، ریشێکی درێژو توکن)[8].

## ناسنامەی (شۆڕش- ئینتما)

لێرەدا لە ناسنامەیەك دەدوێین کە مرۆڤ بونمان پێدەبەخشێ، بەو مانایەی ئەگەری ئەوەی هەیە لە دەرەوەی بازنەکانی مرۆڤەوە مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ گەر هەڵگری ئەم ناسنامەیە نەبین، بۆ ئەوەی بچینە ژێر رەحمەتی ژیانەوە دەبێت خاوەنی ئەم ناسنامەیە بین، دەنا لە دەرەوەی شانسی ژیانەوە خۆمان دەبینینەوە، بۆ ئەوەی مافەکانمان وەرگرین دەبێت هەڵگری ئەم ناسنامەیە بین، دەنا مەخلوقێکین بێ ماف، ئیدی مرۆڤی کورد لە مەملەکەتێکدایە تەنها ئەم ناسنامەیە شەرعیەتی بوونی پێدەدات، تەنها ئەم ناسنامەیە کورسی شانۆی ژیانی پێدەبەخشێ.. ناکرێ لەم ناسنامەیە بگەین گەر کەمێك لە مەدلوولەکانی (شۆڕش) و (ئینتیما) نەدوێین، ئەو مەدلولانەی لە نەستی هەر یەك لە ئێمەدا ئامادەیە بەبێ ئەوەی گومان لە راست بوونیان بکەین.

ئێمە چیتر ئەوەمان بەس نی یە بە ناسنامەکانی خۆمانەوە وەك هاوڵاتیەك مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ، بەڵکو ئەو ناسنامە تەقلیدی یانە (احوال شخصی) هیچ نین جگە لە پارچە کاغەزێك کە بە هۆیانەوە ناوی خۆمان لەبیر ناچێتەوە، ئەمرۆ سەردەمێکە بازگەکان، دەزگاکان، پۆستەکان، کورسی یەکان هی ئەو پیاوانەن کە هەڵگری ناسنامەی نوێن، ناسنامەی (شۆڕش- ئینتیما)، لێرەوە لەم مەملەکەتەیا ئەوپەڕی ناماقوڵی یە بە دوای مرۆڤ بون و مافەکانمدا بگەڕێین گەر دیوێکی ئەم ناسنامەیەمان هەڵنەواسیبێ... بەڵام کام شۆڕش و کام ئینتیما؟

## شۆڕش و گروپ

هەر گروپێك خاوەنی سەردەمی شۆڕشی خۆیەتی، بەو واتایەی سەردەمی (نهێنی) کارکردنی ئەو گروپە یان چرکەکانی پێش دەرکەوتنی وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی سەردەمەکانی شۆڕشی ئەو گروپەن، سەردەمانی شۆڕش سەردەمی قوربانی یەکانن، ئەو ساتە پیرۆزانەن کە گروپ تیایدا زۆرترین رەهەندەکانی خەباتی تێدا بەرجەستە دەکات، ئەندامانی سەردەمی شۆڕشی گروپ ئەو پیاوە موقەدەسانەن کە شۆڕشیان خوڵقاند، زۆر جار گروپی دەسەڵاتدار خاوەنی سەردەمی شۆڕشێکە کە دەرەئنجامی ئەو شۆڕشە راپەڕینێکی خوڵقاندووە.

کێشەی گەورە لەوێدایە کاتێك سەردەمی شۆڕش دەبێتە پێوەر بۆ سەردەمەکانی دوای شۆڕش، سەردەمی شۆڕش ئەو ساتە پیرۆزانەیە کە خۆیان بەسەرچوون بەڵام پێوەری کایەکانی هەنوکەن، دوێنێی شۆڕش و بەشداربوون تیایدا، ئەو بلیەتە زێڕینەیە کە لە هەموو کایەیەکی ئەمڕۆی ئێمەدا دەخوات، بلیتی زێڕینی شۆڕش دەبێتە بلیتی مافی بە هاوڵاتی بوون، تەنها بەشداری کردن لە چرکە مێژوویی‌یەکانی شۆڕشدا بەسە بۆ ئەوەی دەرگای هەموو دەزگاکانمان لە بەردەمدا والا بێت، بەسە بۆ ئەوەی تەبریری دەیان پراکتیکی ناشەرعی بهێنینەوە. بازووەکانی ئێستا کارامە نین گەر بێت و بازوی سەردەمی شۆڕش نەبن، عەقڵەکانی هەنوکە چین لە چاو عەقڵە ئیداری‌یەکانی سەردەمی شۆڕش، ئەوە داری سەردەمی شۆڕشە ئەم هەموو بەروبوومەی گەیاندۆتە ئێستا.

بەم لۆژیکە بەری داری شۆڕش تەنها ئەو باخەوانانە بۆیان هەیە بیخۆن کە ئەو دارەیان رواندووە ئەی ئەو مرۆڤگەلەی لە دوای ئەم سەردەمەوە ژیانی ناسی؟ ئەی ئەو جیلەی لە دایك بوی دوای چرکەکانی شۆڕشە؟ ئەمانە ئەو کائینانەن کە شانسی بلیتی زێڕینیان بەرنەکەوتووە، ئەمانە دەبنە ئەو پلە دووەی یاساو هەموو شتەکانی تریش لە ئاستیاندا جیاوازە، ئاخر یاسا چی‌یە جگە لەوەی خودی پیاوانی شۆڕش بۆمان دادەڕێژن، ئەو مەقامە مەحمودانەی خاوەنانی بلیتی زێڕین تیایدا دادەنیشن هەرگیز ئەو کورسیە بچوکانە نیە کە مرۆڤگەلەکەی دوای ئەو سەردەمە لەسەری هەڵئەنیشن، بۆیە دەڵێم مرۆڤگەل چونکە بەردەوام ئەوانەی دەرەوەی گروپی شۆڕش، کۆمەڵگەیە کە زۆرینەیەو مامەڵەی کەمینەی لەگەڵدا دەکرێ.

ئەمەیە دووبارە سەرهەڵدانەوەی پۆلێنی (مسکێن –ئاغا) لە فۆرمێکی مۆدێرندا، ئیدی ئەو هەزاران گەنجەی شانسی ئەوەیان نەبوو لەو زەمەنانەدا لە دایك بن حەشاماتی مسکێنەکانن.

ئەمە مامەڵەی گروپە لەگەڵ مرۆڤی کوردی ئێمەدا، ئیدی هەر گروپێك سەردەمی شۆڕشی خۆی هەیە، ئەگەر چی پێ ناچێ هەموو گروپەکان چونیەك بن، بەتایبەت ئەم قەیرانە لە گروپی دەسەڵاتدا توخ دەبێتەوە.

لە کاتێکدا شۆڕش چیە جگە لە پرۆسەیەکی بەردەوام کە هەمووان بەشداری تێدا دەکەین، سەردەمی شۆڕش تەنها ئەو زەمانانە نیە کە کۆمەڵێك پراکتیکی مێژوویی تێدا کرا، بەڵکو شۆڕش بە رەهەندە فراوانەکەیەوە هەموو هەوڵە راستگۆکانی ئێستاش دەگرێتەوە، ساتەوەختی دامەزراندنی دەزگایەك بەسوود لە لایەن هەر مرۆڤێکەوە درێژبوونەوەی مەدلولەکانی شۆڕشە لە ئێستادا بە چاپ گەیاندنی پەرتوکێك دەیان مانای تری نوێن بۆ شۆڕش، هەموو ئەو بازووە ماندوانەی لە بونیادنانی کۆشکێك لە کۆشکەکاندا کاردەکەن، دیوێك لە دیوەکانی شۆڕشە بەسەر بەربەریەتدا، بە مەدەنی کردنی عەقڵێکی شەڕەنگێز لە لایەن هەر گروپێکەوە بێت مانایەکی تری شۆڕشە بۆ ئەم چرکەیە، خەتەرناکی لەوێدایە کاتێك زەمەنێکی دیاریکراو ناودەنێین زەمەنی شۆڕش، چونکە سیفەتی شۆڕشگێڕی لە هەموو زەمەنەکانی تر، لە هەموو مرۆڤەکانی تر دەسێنێتەوە..، ئەو تێگەیشتنەی ناسنامەی شۆڕش لە زەمەنێکی مێژوویی دیاریکراو لەگەل کۆمەڵێك مرۆڤ و مومارەسەی دیاریکراودا تەسك دەکاتەوە، خۆ لە خۆیدا

جاڕی بەسەرچوونی ئەو شۆڕشەی ڕاگەیاندووە، شەرعیەتی سەرهەڵدانی فۆرمێکی تر لە شۆڕشی داوە، چونکە بۆ دواجار مرۆڤەکان لە ئێستادا هەمان ئەو مرۆڤانە نین لە دوێنێدا، بەم پێیە خەڵکانی دەرەوەی بازنەی (شۆڕشی مێژوویی) لە هەوڵی بونیادنانێکی تردا دەبن بۆ شۆڕش، لێرەوە خودی شۆڕش دەبێتە ئەو حاڵەتەی کە پێویستە شۆڕشی بەسەردا بکرێ، ئەمە ساتەوەختی لە دایکبوونی شۆڕشە بەسەر شۆڕشدا.

ئەو ڕەوە بێ شومارەی گەنجی کورد بۆ کێوەکانی ئەورووپا، ئەو دەست خستنە ناو دەستەی تاکی کورد لەگەڵ ئەو کلتورەداو لە یادچوونەوەی هەموو ماناکانی (خاك و کوردایەتی و خەبات و .. هتد) جگە لە شۆڕشێکی گەورەی هەرەس چی ترە، ئەمە شۆڕشە بەڵام بەدیوە نێگەتیفکەیدا، ئەمە شۆڕشێکە بۆ وێرانکردن، بۆ داتەپین، ئەم جۆرە لە شۆڕش بۆ بە کەلاوە کردنی کۆشکەکانە، شۆڕشێکە دەزگاکان بەتاڵ دەکات لە کادێر، نەخۆشخانەکان چۆڵ دەکات لە پزیشك، ئەکادیمیاکان قەڵاچۆ دەکات لە پسپۆڕ.

بەڵام هێشتا شانسێکی تری ژیانمان لەبەردەستدا، قەیدی نییە کە پیاوانی زەمەنە پیرۆزەکانی شۆڕش نین، گەر ئینتما بۆ دەسەڵات بنوێنن، ئینتما ئەو دوا شانسەیە کە چمکێك لە هاوڵاتی بوونی پێ دەپچڕین، گەر ناسنامەکەمان دیوی شۆڕشی کاڵ بوو، ئەوا خۆ دەتوانین دیوی ئینتمای تۆخ کەینەوە، لێرەوە ئینتما بۆ دەسەڵات دەبێتە ئەو هەڵوێستەی بە ناچاری دەبێ بینوێنین تا پلە دوو نەبین.

## ئینتیماو پاڵەوان

بۆ ئەوەی ببینە پاڵەوانی هەموو کایەکان، دەبێت مونتەمی بین، مونتەمی بوونی ئێمە بۆ دەسەڵات لەناو هەزاران ئەکتەری کۆمەڵگەدا دەمانکاتە (دۆن کیشۆت)، بۆ ئەوەی دەزگا بمانگرێتە خۆی، بۆ ئەوەی بتوانین مرۆڤ بین، بۆ ئەوەی بازگەکان دادگایمان نەکەن، بۆ ئەوەی ڕۆژانەی ئابوری ژیانمان بەدەست بێنین..، نەخێر بۆ ئەوەی چرکەیەك ئارامی لە ماڵەمکانمان میوان بێت بۆ بەدەست هێنانی هەموو ئەمانە دەبێت ئینتما بۆ دەسەڵات بنوێنین، ئێمە گەر خاوەنی چەندان بازوی بەهێزیش بین، گەر خاوەنی بەهێزترین عەقڵ بین، پاڵەوان نین گەر مونتەمی نەبین.. بە پێچەوانەشەوە بچووکترین پیاو، ناهۆشیارترین پیاو ئینتما دەیکاتە درەوشاوەترین ئەکتەری سەر شانۆی ئەم کۆمەڵگەیە.

لێرەوە چیتر تواناکان، پسپۆڕییەکان.. هتد دەبنە ئەو کاڵایەی کە تەنیا لە بازنەی ئینتماوە نرخ وەردەگرن، ئەمە گەورەترین تراژیدیایە بەسەر کۆمەڵگەدا، ئەمە کاولکردن و سڕینەوەی بچووکترین پانتاییە بۆ نامونتەمی بوون، ئەمە ڕاگەیاندنی مەرگی هەر پرۆژەیەکی داهێنەرانەیە لە دەرەوەی بازنەی ئینتما بۆ دەسەڵات.

هەڵبژاردنی مەنفا بۆ بەسەربردنی چرکەکانی ژیان چیە جگە لەوەی مرۆڤێك دەگاتە ئەو بڕوایەی گەر مونتەمی نەبێت مرۆڤبوونی خۆی لەدەست دەدات، مەنفا ئەو مۆڵگەیەیە کە مرۆڤی ئێمە بۆی دەڕوات تا مرۆڤ بوونی خۆی بدۆزێتەوە لە دەرەوەی ئینتما بۆ دەسەڵات.

چیتر ئینتما ئەو هەڵوێستە ئیرادییە نیە کە سەربەستی ئێمە بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵکو بۆتە هەڵوێستێك بە ناچاری دەبێت بیگرین.

چەمکی (ماف) و ڕەهەندەکانی ئەو کاتە ئامادە دەبن کە ئێمە مونتەمین، لە دەرەوەی ئینتما ماف چییە جگە لە چەمکێکی بریقەدار..، لە کاتێکدا لەحزەی ئینتما کردنێکی جەبری تێکشاندنی بچوکترین ماناکانی مافە، ئێمە لە ئینتما بۆ دەسەڵاتی سیاسی فۆرمێکی مافمان پێدەبەخشرێ کە لەناو خۆیدا مەرگی مەدلولەکانی مافی هەڵگرتووە، دەکرێت ناوی بنێین (جەبریەتی ئینتما).

ئەمە ئەو ناسنامە دوو ڕەگەزەیە (شۆڕش- ئینتما) کە ئەمڕۆ هەمووومان دەبێت هەڵگری بین، ناسنامەیەك ڕاستەوخۆ یەکسانە بە هاوڵاتی بوون، بە واتا بۆ ئەوەی هاوڵاتی بین دەبێت خاوەنی ئەم ناسنامەیە بین، ئەی ئەوانەی بابەنوئیل ئەم ناسنامەیەی بە چارەیان نەبەخشی، ئەوانەی دەیانەوێت مافی هەڵبژاردنی ئینتماکانیان هەبێت و وەك مرۆڤ بژین؟ ئەمانە چ سەفەرێك چاوەڕێیانە؟ ئەمانە دەچن بۆ دنیا خەیاڵییەکانی مەنفا تا ببنە مرۆڤ، دەچنە ئەوێ تا دەسەڵات داوای ئینتمایان لێ نەکات و پێناسەیەك بۆ مافەکانیان بکەن، ئێرە مەملەکەتێکە هەموو (لامنتمی)یەکانی (کولن ولسن) تیا سەفەر دەکەن[٩].

V

## یوتوپیای ماف و ئایدیۆلۆژیا

## مارکسیزم- مۆدێرنە- دین

بەدواداچوون لەسەر ڕایەڵەکانی هەر چەمکێك لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، ناچارمان دەکات بچینەوە سەر پرسیار لەو تەرزە فەلسەفی و دواتر ئایدیۆلۆژیانەی بۆ زەمەنێك بونەتە کلتوری باڵای ئەو کۆمەڵگەیە، دەڵێم فەلسەفی و دواتر ئایدیۆلۆژی، مەبەستیشم بەم جیاکارییە ئەو خاڵەیە کە ڕێبازە فەلسەفییەکان دواتر لە جوڵەی پراکترکیدا دەچنە قاڵبی ئایدیۆلۆژیای گروپەوە، ئیدی هەر گروپێك لە زەمکانێکی دیاریکراودا دەبێتە چەقی داڕشتنەوەی مۆراڵ و نەخشاندنی سروشت و دەلالەتی چەمکەکان..

جارێکی تر بۆ گەڕان بەدوای ئیشکالەکانی ماف لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دەبێت بچینە ناو هەناوی ئەو هۆشیارییەی کە بە (ئایدیۆلۆژیا زاڵەکانی ماڵێ کوردی) ناوزەدیان دەکەین، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی بە جیاوازی سروشتیان هەریەکەیان بونیادی عەقڵی و کلتوری مرۆڤی کوردییان داڕشتۆتەوە.

هەڵبژاردنی من بۆ لێدوان لە هەرسێ ئایدیۆلۆژیای (مارکسی- مۆدێرنە- ئاین) هیچ حیکمەتێکی فەلسەفی لە پشتەوە نییە ئەوە نەبێ، مرۆڤی کوردی بۆ زەمەنێك باوەشی بۆ هەریەکێکیان کردۆتەوە و ئەم سەدەیەی ماڵی کوردی ڕوپۆش کردوە، ئەگەرچی (ئایدیۆلۆژیای ئاینی) زیاتر ئامادەبویەکی کۆمەڵایەتی ناو گروپە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تەکیە و شێخ و مەرقەدو.. هتد بووەو کەمتر لە شێوەی گروپێکی سیاسی و سیستماتیزەکراودا خۆی بەرجەستە کردوە، ئەمەش وا دەکات جیاوازتر مامەڵەی لە تەکدا بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا (مارکسیزم و مۆدێرنە) زیاتر وەك گروپ و جوڵانەوەی ڕێکخراو و خاوەن دروشم ئامادە بوون.

پۆلێن کردنی ئەم سێ چەمکەش لە شوناسی ئایدیۆلۆژیادا، لەوێوە دێت کە من پێم وایە چ (مارکسیزم و مۆدێرنە و ئاین)یش خاوەنی جەوهەرێکی فەلسەفی خۆیانن و دواتر لە هەناوی ئەو جەوهەرە فەلسەفی‌یەوە، لە دەرئەنجامی راڤەی ئەو جەوهەرە فەلسەفی‌یەوە ئایدیۆلۆژیاو هێزی کۆمەڵایەتی و گروپی سیاسی دێتە بوون، لێرەوە رەخنەکاری ئێمە بۆ ئەم سێ چەمکە، رەخنەکاری‌یە لە ئایدیۆلۆژیاکانی ئەو جەوهەرە فەلسەفی‌یە کە دەبێتەوە کەرەستەی رەخنە لە ئایدیۆلۆژیا واقیعی‌یەکە، رەخنەکانی خانی و حاجی قادری کۆیی لە پراکتیکی ئاینی بەهەمان جەوهەری دین بووە، ئەمە بە کەرەستە کردنەوەی جەوهەرە بۆ رەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆژیای بەهرەمی ئەو جەوهەرە.

لەسەر خاڵێکی هاوبەشی ئەم سێ ئایدیایە دەوەستین کە بە (یوتوپیاکردنی چەمکی مافە) لای مرۆڤی کوردی، بە یوتوپیاکردنی ماف بە واتای گواستنەوەی ماف لە زەمەنی ئازادی ئەم چرکەیەوە بۆ زەمەنی داهاتوی چرکەکانی تر، سەندنەوەی چەندا مافی هەنوکەین بە خەیاڵی مافێکی یوتوپی دیارنەبوو.

گەر لە یوتوپیای مارکسی‌یەوە ئەم گرفتە بخەینەڕوو، ئەوا قۆناغی سوشیالیزم و دواتر شیوعیەت کە تێیدا هەموومان دەبینە یەکسانێکی کۆمەڵایەتی لە بەردەم شانسەکانی ژیاندا وەك ئەو خەونە خەیاڵی‌یەی ماف بەرجەستە دەبێت کەوامان لێ دەکات لە هەنوکەدا واز لە چەندین مافی خۆمان بێنین، برسێتی قبوڵ بکەین تا زەمەنێك کە هەمومان تێیدا تێرین، ئازارەکانی ئەم قۆناغە بچێژین لە پێناو هاتنەوەی زەمەنێك کە هەمووومان بێ ئازار دەبین..، رەنگدانەوەی ئەم هۆشیاری‌یەی مارکسیزم لە جوڵانەوەی سیاسی و هۆشیاری نوخبەی سیاسی کوردی‌دا، مرۆڤی کوردی فێری ئەمە کرد کە یوتوپیاکانی ماف خودی مافی ئەم لەحزەیەی لەبیر بەرێتەوە، ئیدی ئەو لە هەموو کایەکاندا ئامادەیە کە بڕوا بە یوتوپیاکانی ماف بکات و تەنها ساتێکیش پرسیار لە ماناکانی هەنوکەی نەکات، وە بەردەوام ئەم بە یوتوپی کردنەی ماف لە پرۆسە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا بەرهەم دێتەوە.. بە هەمان شێوازی خەیاڵەکانی مارکسیزم، جارێکی تر مۆدێرنەو خەونە کریستاڵی‌یەکانی زەمەنی مۆدێرن دێت تا ئەم جۆرە لە مافی یوتوپی شەرعیەت پێ بداتەوە، لێرەدا ئایدیۆلۆژیای مۆدێرنە مەبەستمان پێ ئەو تەرزە بیرکردنەوەی نوخبەی مۆدێرنە کە پێی وایە کۆمەڵگە بەرەو دنیایەکی رەفاهی و پڕ لە جوانی و پێشکەوتن دەبات، ئەو دنیا ئەرخەوانی‌یەی کاتێك دەبینە خاوەنی کە دەست بەرداری کۆمەڵێك تایبەتمەندی تەقلیدی خۆمان بین..، مەبەستم لە تایبەتمەندی تەقلیدی کۆمەڵگەیەك یان گروپێك ئەو خەیاڵ و ئەفسانە و بەهاو مۆراڵ و باوەڕوانەیە کە کۆمەڵە مرۆڤێك هەڵیانبژاردووەو بە بەشێك لە مافی خۆیانی دەزانن موماسەرەی بکەن و بیپارێزن، کە سەندنەوەو داماڵینی ئەم مرۆڤانە لەو تایبەتمەندی‌یانە بە هەر بیانویەکی لۆژیکی و نالوژیکی‌یەوە، سەندنەوەی مافی تایبەت بونە لێیان، بە تایبەت لەو لەحزەیەدا کە پیاوە مۆدێرنەکان شەرعیەت دەدەنە شۆڕشی مۆدێرنە بەسەر ئەو رێگرانەدا کە نەزانەکانی کۆمەڵگە و بەها تەقلیدی‌یەکانن، ئیدی لێرەوە بە وەهمی داهاتوی مۆدێرنی جوان، ئێستای مافەکانمان

پێشێلیش بکرێ ئاساییە، چونکە ئەمانە مافی نامۆدێرنن و تەقلیدی و دۆگمان، ئەمە دوبارەبونەوەی هەمان یوتوپیای مافە لای نوخبەی مۆدێرن، ئەو یوتەوپیایەی بە کێشانی رۆحی مافە تایبەتییەکانی کۆمەڵگەیەك یان گروپێك دێتە بوون، هەر لێرەوە زۆر جار کار دەگاتە ئەوەی گروپێك یان دەستە رۆشنبیرێك بونی ئەویکی تری نامۆدێرن بە سروشتی نەبینن و وەك ناشەرعیەك کە رێگرە لە بەردەم مۆدێرنەدا بیدەنە قەڵەم، بەتایبەت گروپی ئاینی و ئامادەبوونە سیاسییەکانی ئاین لە جوڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، گەر ئەمە سروشتی بە یوتوپیا کردنی ماف بێت لە مارکسیزم و مودێرنەدا، ئەوا ئاین لە رێگەی ئامادەبونێکی کۆمەڵایەتی (بێگومان لێرەدا مەبەستم لە ئاین ئەو ئاینە نییە کە دەقەو خۆی لە قورئان و سونەتدا بەرجەستە دەکات، بەڵکو مەبەستم پێی ئەو پراکتیکە کۆمەڵایەتییەیە کە بە نەریت و بەهاکانی رۆژانەی خەڵکی تێکەڵ بووە و رێژەیی و رەخنە هەڵگرە).. بەوە ئەم پرۆسەی بە یوتوپیا کردنەی ماف لای تاکی کوردی مومارەسە کردوە، گومان لەوەدا نییە کە ئاین وەك دەقی خوایی تەواو لە خزمەت بەها ئینسانییەکان و بەرژەوەندی مرۆڤەکاندا دێتە گۆ، بەڵام ئاینی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە فۆرمەکانی بریتی بوون لە تەکیە و شێخ و خەلیفە.. هتد جۆرێك لە کاریزمای ئاینی بەسەر ئەم تاکەدا پراکتیك کردوە کە لە زۆر بوایر مافەکانیدا دەستی وەرداوە، نەخێر موریدی و دەست بەرداربونی چەندین مافی هەنوکەیی لە پێناو ئەو مافەدا کە لەودیو حیکمەتەکانی شێخەوە خۆی حەشار داوە، دەرئەنجام مرۆڤێکی خولقاندوە کە خەونی ماف ببینێ بەدەست بەردان لە خودی مافەکان.

لێرەوە دوبارە پرۆسەی تەسلیم بوون بە سەنتەرێك کە ماف و فۆرمەکانی مافمان بۆ دادەرێژێ دێتەوە ناو مۆراڵی رۆژانەی ئەم تاکە و قودرەتی داواکردنیپێ لەدەست دەدات.

VI

## جوگرافیاو.. ماف

کاریگەری جوگرافیا لەسەر مرۆڤ یەکێکە لەو باباتانەی کە نەك تەنها پێکهاتەی بایۆلۆژی ئێمە دەگۆڕێ و جیاوازمان دەکات لە داڕشتنی کلتورێکی کۆمەڵایەتیشدا، کە دواتر، بەڵکو بەشداری دەکات لە داڕشتنی کلتورێکی کۆمەڵایەتیشدا، کە دواتر ئەو کلتورە کۆمەڵایەتییە دەبێتە میکانیزمی رێکخەری پەیوەندی نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵە، لە هەمان کاتدا دیدگای ئێمە دیاری دەکات بەرامبەر بە چەمکەکانی ژیان، ئیدی ئەوە کلتورە لە دواجاردا دێتەوە تا هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە ژیان دارێژرێتەوە، مرۆڤ بەردەوام لە هەناوی کلتوردا نوقم بووە نوخبە دەبێە ئەو چینە دەگمەنەی کە هەوڵدەکات لە کلتوری بارو دەرچێ و کلتورێکی نوێ دابمەزرێنێ، قسەکردنی من لەسەر جوگرافیاو کاریگەری لەسەر هۆشیاری تاکی کوردی و پەیوەندی بە چەمکی مافەوە لەم خاڵەوە هاتووە، واتە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو تیشکانەی جوگرافیا لە کلتوری زاڵی ئەم تاکەدا خولقاندویەتی و دیدگاکانی بەراتبەر بە چەمکێکی وەك ماف داڕشتووە.

سەرەتا دەبێت بەو پرسیارە دەست پێ بکەین، ئایا ئێمە مامەڵە لەگەڵ کامك جۆری جوگرافیادا دەکەین؟

مەبەستیشم لە جۆری جوگرافیا، ئەو پێکهاتە سروشتییەی جوگرافیایەیە وەك (شاخ، دەریا، بیابان، دەشت.. هتد) مرۆڤ کورد بە پلەی یەك ئاشنایەتی لەگەل جوگرافیای شاخدایە و کوڕی شاخیشە، ئەو جەستەی ڕێبوارێکی بەردوامی ناو شاخەکان و کەندەڵانەکانە، کوڕێکی بەجەرگی کۆچەری و چاونەترسە، ڕەقەو وەك ڕەقی شاخەکان، هەڵۆی بەرزەفڕی سەر لوتکەی شاخەکانە. هەموو ئەم دەلالەتانەی شاخ و بەرزایی و ڕێبوارو کۆچەری لە دەرەئنجامدا جۆرە وەسفێکی تایبەت دەبەخشێتە مرۆڤی شاخەوان و گەردەو ئیشکەر کە ئەو وەسفە لەناو کلتوری باودا وەسفێکی شانازی ئامێزە، واتە ئەوەی ئازار بچێژێ و شاخەکان بە پێ ببڕێ کوڕێکی بەجەرگە، ئەوەش کە تاوانی نییە ئەم کارە ئەنجام بدات یان پێی هەڵناسێ و داوای ئەوە دەکات ڕێگەی هاتوچۆی لە شاخەوە بۆ بگۆڕدر بۆ تەختایی، ئەوە مرۆڤێکی نەرم و بێ غیرەتە..

ملکەچی کردنی جوگرافیا دەدات، ئیدی بەسەر شاخەکاندا گوزەر ناکەین، بەڵ:و تنێل لێ ئەدەین و کە قسە ماندو ئەبین، بەڵام لای مرۆڤی کورد هێشتا جوگرافیا ئەو دەست لێ نەدراوەیە کە ئێمە دەبێت ماندوێتی بچێژین لە بەرامبەریدا، نەك ئەو مل چێ کەچ کەین بۆ خۆمان..

دەرئەنجام ئەو کلتورە دێتە بوون کە ماندوێتی تۆو دەست هەڵگرتنت لە مافەکانت وەك ئازایەتی و نەبەردی و چاونەترسی و جۆرێك لە شانازی دەداتە قەڵەم، لە بەرامبەریشەوە هەر داواکاریەکی مافەکانی خۆت بە خۆویستی و تەمبەڵی و تەوەزەلی وێنا دەکات..

لە کاتێکدا مرۆڤایەتی سات لە دوای سات مرۆڤ دەکاتەوە بە سەنتەری شتەکان، بەڵام لەم کلتورەدا کە جوگرافیایەکی شاخاوی بەرهەمی دێنێ ئێمە ئەوکات مرۆڤی چاکین کە بەدەست سروشتەوە ماندو ببین، ئەم جۆرە لە ڕۆشنبیری بەتایبەتی لە ژیانی گوندنیشنی ئێمەدا ئامادەیەو بەردەوام بەرهەمدێتەوە، ڕۆشنبیرییەك بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین دەمانباتە ئەو فەزایەوە کە بە شەرمەوە قسە لەسەر مافەکانمان بکەین نەبا کلتوری زاڵ بە پیاوی خۆویست و تەمبەڵمان لە قەڵەم بدات.

## کۆتایی

پێ ئەچێ زۆرترین ئەو فاکتەرانەی ئیشکالەکانی مافیان لەم کۆمەڵگەیەدا خوڵقاندووە، نوسین لە بارەیانەوە لە بابەتێکی وادا جگە لە سەرەتایەکی پرسیارئامێز هیچی تر نییە، دەرئەنجام دەگەینە ئەوەی کە هەر بەزرکردنەوەیەکی مانشێتەکانی ماف لەم کۆمەڵگەیەدا جگە لە سیناریۆیەك هیچی تر نییە، ئەو سیناریۆیەی لە پشتییەوە چەندین قەیرانی سایکۆلۆژی و سیۆسیۆلۆژی و سیاسی هەیە و ئەم چەمکە دەکەنە وەهم، بەبێ تەفکیك کردنی ئەو ئیشکالانە ناکرێ ئەم مرۆڤە وەڵامێکی پێ بێ بۆ پرسیاری ماف، مەحاڵە پێناسەیەکی پێ بۆ مافی خۆی و کۆمەڵگەکەی، بەڵکو بەردەوام پێناسە سادەکان و وەڵامە سادەکانی ئەم چەمکە دێنێتەوە بوون، بەمەش جارێکی تر **ماف دەبێتەوە پرسیاری ناو وەڵامەکان**..

## پەراوێزەکان:

١-ابن خلدون -المقدمة.. بۆ کۆی ئەم خەسڵەتانەی خێڵ گەڕاومەتەوە سەر ئەم بەرهەمە خەلدونی‌یە، و ئەو لێکۆڵینەوەیەی د. محمد عابد الجابری (العصبیة و الدولة) لەسەر ئیبن خەلدون کردویێتی.

٢-فەرمووده‌یەکی پێغەمبەر (د.خ).

٣-کراسة (فن التعامل مع المراهق- ص ٥٨

و جنوح الأحداث - ص ٦

٤-ژیان و شیعری سوهراب سپهری - ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی.

٥-بەکاربردنی ئەم دەستەواژەیە (کلتوری بینین) و (کلتوری گوێگرتن) پەیوەندی نی‌یە بە فەرهەنگی (مورتی)یەوەو دەربڕینێکی خۆمە.

٦-لە یەکێك لە بەرنامەکانی (دیاردەکان خۆیان دەدوێن) کە ڕەنج سەنگاوی ئامادەی دەکات لە میدیای (خاك) تەواو ئەم حەزە بەرچاوەکەت کە لە بەرامبەر ئەم پرسیارەوە: کێ حەزدەکات ببێتە چاودێری پۆل؟ سەراپای قوتابی ناو ئەم گروپە بە پەرۆشەو ئەم حەزەی خۆیان دەردەبڕی.

٧-اریك فروم - ثورة الأمل - ص ١٧- دار الآداب.

٨-جورج اوریل لە شاکارەکەیدا (مەزرای حەیوانەکان) کە لەسەر زەمەنی شۆڕش و دەسەڵاتی شۆڕشی بەلشەفیەو ستالیزم نوسیویەتی، ئەم جیاکاری‌یە لە نێوان سەرکردەکانی شۆڕش و کۆمەڵگەدا بە خاڵی لێکهەڵوەشانەوەی گروپ و ئامارەکانی دیکتاتۆریەتێکی حەتمی دەداتە قەڵەم.

(٩) ئەم پەرەگرافەی (ناسنامەی شۆڕش - ئینتما) وەك بابەتێك لەژمارە (١١)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی‌دا پێشتر بڵاوبۆتەوە، هێنانەوەیم لێرەدا بەپێویست زانی..